ماڵی دووەمی تەنیایی

ناوی کتێب: ماڵی دووەمی تەنیایی
شیعری: زانا سامان
بابەت: شیعر
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیار ئەوڕەحمان
هەڵەچنی: سارا عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆنیا عەباس
مۆتیف: ئاریان ئەبوبەکر
تیراژ: (٥٠٠) دانە
نرخ: (٢٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: (١٠٦٠)ی ساڵی ٢٠١٠
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم، ساڵی (٢٠١٠)
کوردستان- سلێمانی

www.serdam.org

ماڵی دووەمی تەنیایی

زانا سامان

سلێمانی - ٢٠١٠

پێشکەشە بە:
دایکم و دایکی هاوسەرەکەم
شنەبای ژیانم (شنۆ)
بە هەردوو خونچەگوڵیماڵەکەم
تارینا و ئارینا
بە سۆما و ژیان و شکار و چنار
بە برا ئازیزەکانم
لەگەڵ سەرجەم هاوڕێیانم


ماڵی دووەمی تەنیایی

کە خەیاڵ دەنووسێ بە ژوورەکەمدا
بە دەنگی تریقەی پێکەنینی
هاوسێکانم پەست دەبم
دەبمەوە بە کوڕە عەجولەکەی جاران
دەست دەبەم بۆ سێوی شیعرێک و
خۆم لە ڕاموسانی باخێکدا دەبینمەوە
ژنەکەم پێی خۆش بێ، یان نا
جنس لەگەڵ تەنیایدا دەکەم و
منداڵی بۆ ماڵی دووەم دەخەینەوە
وادەکەین تەمەنێکی زۆر درێژی بدەینێ
سەراب دەکەین بە ڕووخساری
(با) بۆ هەردوو قاچەکانی
دەستەکانیشی درەخت و
لەشی لەو پەڵەهەورانەی
وەکو شیعر بەردەم ڕێوە بۆمان دێن و
پاشان دەڕۆن و ڕەت دەبن،
ژنەکەم پێی خۆش بێ، یان نا

هەر شەوەی
لەگەڵ کچێنی ڕووبارێکدا دەمێنمەوەو
ماچ لە پریشکی ئاودا دەکەم
کچێنی ڕووبار ناودەنێم
(کەنار)و خۆشم (شەپۆل)
گەر پێمکرا
کچێنی باخیش دێنمە لای خۆم
بۆ ئەوەی تەڕێتی
بکەمە بەری ژیانم و
سەرلەبەری خۆم
پڕکەم لەو ساتە ناسکانەی
گۆشەگیری لێنەگەڕا
چێژ لە باڵایان وەرگرم،
ژنەکەم پێی خۆش بێ، یان نا
ئیتر ئەو پیاوە دەبم
هەر جارەی بە بیانووی سەفەرێکەوە
دەچم ژنێتی هەموو ڕەزەکان و

ژنێتی هەموو دارستان و ڕێگاکان
ئەزموون دەکەم و
هەر جارەی بە بیانووی سەفەرێکەوە
ژنەکەم پێی خۆش بێ، یان نا
ماڵی دووەمی تەنیاییم
پڕ دەکەم لە بۆنی مێی
هەموو ئەو تەڕە شیعرانەی
کە دەیانگرمە باوەشم
خاڵیم دەکەنەوە لە شوێن
خاڵیم دەکەنەوە لە کات و
لە خۆیاندا ونم دەکەن.

وەک ئەو خەونەی
گەڵاترە لە وەرین

ماوەیەکە
مەیلی گێڕانەوە دەکەم
کەڵکەڵەی شیعرێک لە سەرمدایەو
دڵم پڕدەکات لە گریان
ئازاری گێڕانەوەیەک
بەنێو لاشەمدا دەگەڕێ و
تەنگ بە بیرکردنەوەم
هەڵدەچنێ،
من، کە پاشماوەی
عەشقێکی نەزۆکم
تەنها گوناهم ئەوەیە
لەودیو پەردەی ڕوانینەوە
نیگای دووبارەبوونەوە دەکەم،
لە ئاوێنەدا..
خۆم بە وێنەکەم دەناسێنم
کەچی بۆ تەنها جارێک چییە
زەردەخەنەیەکم بۆ ناکات

ناو لەپەم..
پڕە لە پڕوشەی مەراق و
بۆنی ئەو جگەرانەی
سێویان لە دەستمدا
دەخستە لەرزین،
من، قەرەجێکی غەدرلێکراوم
هێندەی نووکی پێنووسێک
جێم لە شیعردا پێ ناکرێتەوە
بایی فرمێسکێکی وەریو
بەسەر کوڵمی نیشتماندا
هەڵناخزێم
تاقەتی سوڕانەوەم نییە
بە دەوری ژوورە بەتەمەنەکەمدا
نە دەتوانم
بەرەوپیری قامەتی پیریی خۆم بچم
نە دەتوانم
ڕووەو شەکەتبوونی عەشق

ئاسمانێک لە خۆمدا
واڵا بکەم بۆ فڕین،
من، کە پێ بەسەر جەرگی خۆمدا دەنێم
ڕاخەری ئەم زستانە
چ گەرمییەک بە دڵم دەبەخشێ
کە وشەیەک بەدی ناکەم
بۆ چەند چرکەیەک ئارامی
چ باکم لە سەمای نائاگایی هەیە
کە دێڕێکم
لە بێداریدا پێ حونجە ناکرێ
خوێندنەوەی
ئەو ئایەتە گوناهبارانە
چۆن لەزەتم پێ دەبەخشێ،
سەر بەماڵی
گەلحۆترین جەللادم
هەر بە منداڵی
هیواکانمی

بە عەلاگەی جلەکانییەوە هەڵواسی و
یارییەکانیشمی بوخچە کردو
لە شەوە تەریوەکانی زستاندا
بە (با)ی کردن،
هەنسکم
دەچێتەوە سەر ڕەگەزی
ئەو خۆڵەمێشەی
باران پێی نەکرا بیسڕێتەوە،
ڕۆڵەی دایکێکم
کە وەک قاشێک سێو
لە وەرزی گەنجێتیدا
فڕێدرایە
باخچەی بێوەژنییەوە،
تەمەنم لە سووچی
حەوشەیەک لە بیرەوەری
لێ بەجێماوە
هەندێکجار

سەرم دەکێشێت بە سنگی
تەزیوی خۆیداو
هەندێکجاریش
غەرقی خەیاڵێکی ئەبەدیم دەکات،
لە ئەوینێکی تەوەزەلەوە
هاتمە نێو بوون
هێشتا بۆنم بە ژیانەوە نەکردبوو
سێدارە جێگەی حەوانەوەم بوو،
من، کوڕی نیشتمانێکم
بە بۆنی باروت نەبێ
دایکم پێ ناناسرێتەوە،
تا ئێستا
ناسنامەیەک شک نابەم
لە ویستگەکانی تەمەندا
بەرەو لای منداڵێتی
خۆم بچمەوە،
لە هەر تێپەڕینێکمدا

نزایەکی ماندوو بەجێرەمێنێ و
خۆی لە خاک و خۆڵی
وڵاتی قەدەر هەڵدەسوێت.
تەنها گوناهم ئەوەیە
نەمتوانیوە
سورەتێکی نامۆ
بکەمە سەرمەشقی خواستەکانم،
هەژارانە دەڕوانم و
دەوڵەمەندانە تێدەگەم
کە ژیان
جگە لە سپێدەباشێک هیچی تر نییە
قۆرخبوون لەم زەمینە بێباکەدا
دیوێکی ترە
لە سیحرە نەزانراوەکان ژیان و
سروشت گاڵتەجاڕێکی ئەبەدییە
هەراسانییە تەنیایی
وێرانەیە

ڕامان بەدیار
جوگرافیایەکی درۆوە،
من و عەشق هەردووکمان
حیکایەتێکی نەفرەتلێکراوین
باز بەسەر ڕێکەوتە سەیرەکانی
ئەزەلدا هەڵدەدەین
لە پشت وێنە لەبیرکراوەکانەوە
بۆ دۆزینەوەی نهێنییەک دەگەڕێین،
گەڵاتر لە وەرین
سیحری گێڕانەوەیەک
بە سێدارەی تەمەنناوە
هەڵمدەواسێ
ڕەشتر لە (با)
پرچی تێپەڕینەکان
دەژاکێنم و
بەنێو یاسەمینی
ڕۆحە ماندووەکاندا دەڕۆم

سەفەر لەوديو تێڕوانينە ئيفليجەکانمەوە
ڕۆدەچێتە
بەردەم پەنجەرە خەم لێنيشتووەکان،
من، کە پاشماوەی
عەشقێکی نەزۆکم
تەنها گوناهم ئەوەيە
ئەم خەونە نەعلەتييە
بەسەرمەدی دەشوبهێنم

دواین وشەی
نووسراوی سەر وێنەکەتم

ئاسوودەیی ئەو دەمانەی، پێکەوە
بەنێو یەکدیدا دەگوزەراین
چیان لێهات، بۆکوێوە چوون
ئەو وشانەی کۆتاییان لە ئەزەلەوە مەحاڵ بوو،
ئێستا
لە سەرەتای کامە شیعردا
بوونەتە خوناوی پێنووس،
ژیان وا تێدەپەڕێت..؟!
منیش هەر ئالودەی مەراق،
تەنیایی...
لە تاریکایی شەوێکدا ونی کردووم
تیشکی نیگاکانی ئێمە
وەرزێکە یاخود ساڵانێک
نەبوونەتە
تریفەی ڕووناکی دیتنێک،
لە فەلسەفەی ڕوانیندا، ستایشی
کام تێفکرینەوە بکەم،

هەتا کەمێک
لە ستایلی ڕووتم نیشاندەیت،
بە ئاسمانی سەبووریدا فڕەم دێت
بۆ ئەوەی تۆش.. قارەمانی
دواین خەونم بیت
بڕۆ...
بە فریای ئەو مەلانە بکەوە
بەرلەوەی کۆچ دەست پێ بکەن
خەمی فڕین
بە دیواری ڕۆحیانەوە نووسابوو..!!
لە دارە سەر سپییەکەی تەمەن و
ڕووبارە پیرەکەی عەشق بپرسە
ئەو شەوەی بە یەکجاری
لەبەرچاو ونبووم
کێ دەیبردمەوە بۆ لای خۆم..؟؟
بە پۆستە (با)ی ڕۆحی تۆدا
لە حاشیەی چ ئاواتێکدا

ترست لە لۆمەی گوڵ هەبوو
ئا لەو شوێنەوە، بپرسە
یاخود بڕۆ
بەدووی قەدەردا بگەڕێ
تا ئێوارەیەک دوای بینین
پێت بڵێت:
لە نووکی پێنووس بپرسە
ئازاری کام شیعر ماوە
خۆڵەمێشی سووتانێکی تێدا نەبێت
دەنگی هاڕەی کام شکاندن، دەچێتەوە
سەر وردوخاشبوونی شووشە
تا بستێک لە پشت گەورەبوونەوە
لە سەرگوزشتەی منداڵیمان، بڕوانین
ژیان وا تێدەپەڕێت
لە سێبەری باڵەخانەی وەفا بپرسە
ترپەی دڵی چ عاشقێک
لەنێو تەنیاییدا لێی داو

زەردەخەنەی تێنەگەیشتن لەدایک بوو
لەو ڕێبوارانە بپرسە
باخەڵیان پڕ لە نهێنیی سەفەرەو
دەیانەوێت
بەنێو دووانەی خەونەکانی
مندا گوزەرکەن
تا لەنێو باخچەی خەیاڵدا
چێژ لە مزریی
بەرسیلە خەنەکانم وەربگرن،
لەو جێ پێیانە بپرسە
کە خوڕەی هیچ باراناوێک
لە شەوانی شەقامەکەی مندا
نەیسڕینەوە،
تا کەمێک نزیک بیتەوە لێم
بۆنی هەناسەی بولبولێک، بەسەرتا بپژێ
(با)ی باوەشێنی نێرگزێک
شنە بە پرچت بکات

تكایە، لەسەر هەڵمی پەنجەرەکان
بۆ کاڵبوونەوەی ئەو یادگارییانە بگەڕێ
زستانێک تا ئەوپەڕی بارین
چلورەی هیچ حەزێک
بە کەنارییەوە نەیرەبەست،
ژیان لە تێپەڕیندایە
برۆ بە دووی
ئۆقیانووسی نوێبوونەوەدا بگەڕێ،
لە شەپۆلی دەریاکان بپرسە
چ نهێنییەک لە چاوی ماسیدا هەیە؟
لەو نەهەنگانە بپرسە
خوێنی منیان پێ حەڵاڵە
ژیان لە ئاودا
دەتباتەوە بۆ یێگەردی
یان هێندەی تر
غەرقی گوناهبارییت دەکات،
لەنێو گۆرانییە حەزینەکاندا

بەسەر پشتی گەڵایەکدا
چەند وشەیەکی ڕەشپۆشم بۆ ڕەوانە بکە
تا لە ئێوارەیەکی غەمگیندا
بیانکەمە..
هاوڕێی پیاسەکانی
تەنیایی خواوەندێک،
ژیان وا تێدەپەڕێت..
تا چیتر لە چاوەڕوانیتدا
نەدەم لە شەقەی باڵ
بەنێو عومری سەرگەردانێکدا
وەرەوە بۆ لام
لەوەتەی تۆ..
دووریت کردۆتە وەسوەسەی فڕین
هەمیشە گڤەم دێت لە (با)داو
لوورەم دێت لە گەردەلوولدا،
هێندەی باڵی پەپوولەیەک
تەنک بوومەتەوە

چیتر بەرگەی ئەو هەموو دوورییە ناگرم
برۆ لە سینەی سەدەف بپرسە
لە چاوی بازدا
یاقووتی چ ئەوینێک
لە ئاودا دەبینێت،
ژیان وا تێدەپەڕێت
وەرەو پێکەوە
لەسەر بڵندیی چیایەک
پێکەوە بڵێین:
داکە ئەی هەور
ببارێ ئەی باران
ئاخر ئێمە.. لەمێژە لێک دوورین
عەیامێکە.. لێک دەگەڕێین
تکایە، تەڕمان بکەرەوە لە خۆت
تا بە دێراوەکانی زەمەندا
دەچینەوە نێو یەکەمین پێگەیشتن و
دەبینەوە بە ختورەی سەفەرخوانێک

چونکە دڵنیام
دەزانم
گەر لە تەنیایی خۆمەوە هاوار نەکەم
ئەریَ یارەکەی دێرینم
تەماشایەکی پشتی
دوایین وێنەی ئەلبوومەکەی بەردەستت بکە
دڵنیابە ئا لەوێدا
بە بێدەنگی دەمدۆزییەوەو
چیدی بۆ ساتێک تێگەیشتن
لە ئێوارەی هیچ حەزێکدا
ناگەڕێیت بۆ یاربوونەوە؟

تا کۆتایی لێزمەی باران

دەبێ تا دوا دڵۆپی ئەم بارانە
دەستی دووکەڵی جگەرەکەم بگرم و
بڕۆم..
تا دوا قومی
ئەم عەزاب نۆشینە
سەر بە دیوارەکەی
بێهودەبووندا بکێشم
تا کۆتایی ئەم تێڕوانینە
بێ چاویلکە بم
تا لەکەداربوونی ئەو ئیمانە
بە بەرگی سپییەوە
بەردەم
ئاوێنەکەی ڕۆح بەرنەدەم
دەبێ تا کلۆربوونی هیواکەم
نهێنیی ئەم گێڕانەوەیە
بە سنگمەوە بنوسێنم
بە کۆڵێک خەیاڵی تەڕەوە

خۆم بەماڵی
ڕازێکی ژەنگگرتوودا بکەم
بە مشتێک سێوی سوورەوە
لەبەردەم پەنجەرەی
تەمەنادا بوەستم
بە دەم و لێوێکی وشکەوە
بۆ حەوشەی سەراب بگەڕێم
بە خۆم و دەفتەرێک یادگارییەوە
لە دەرگای ماتڵبوون بدەم
بە گیتارێکی یاخییەوە
ژیان بژەنم،
کە من لەم بێئۆقرەییەمدا
خاچ تا ئەوپەڕی داکوتان
بە مەچەکی
مەسیحێکی ترەوە دەبینم
کە لەم بێزارییەدا
درەختێک لە فەنابوونمدا دەنێژرێ

دەبێ..
تا باڵقبوونی ترێ
خۆم بە ڕەزێکی شەیداوە هەڵخەم
تا تلۆقینی هەنار
خەریکی هۆنینەوەی
پرچە سپییەکانی وەفا بم
یان دەبێ
خۆم بە چڕینی
گۆرانییەکی حەزینەوە
خەریک بکەم
دەبێ تا گەینی ئاڵوباڵو
دوعا بۆ گەیشتنی
هەڵوژە بکەم
سوژدە بۆ بێنوێژی
کوکوختییەکان بەم
بەرماڵی حاجییان
لەبەرردەم وێنەکەی

مریەمی پیرۆز دابخەم،
دەبێ وەک کەوتنە خوارەوەی
دەنکێک توو..
خەونی بەجێماوی
ژێر درەختەکان ڕابچڵەکێنم
قریشکە لە بێرەنگی هەستێنم
بۆ ئەوەی بە ژیان بڵێم:
(ئەها.. دووری
چۆن دەمانبارێنێ
ئەها.. بیرکردنەوە
چیمان پێ دەکات)،
دەبێ
لە زیکەزیکی زەرنەقووتەیەکدا
ئاوازێک بۆ فڕین ساز بکەم
لە خۆگیڤکردنەوەی چۆلەکەیەک
تا جووتبوون
بۆن بە غەریبی مێینەوە بکەم

دەبێ
تا دۆزینەوەی یاقووتەکەی ڕۆح
خەریکی خوێندنەوەی
نووسینی یادگاری
سەر کورسیی پارکەکان بم
تا تەواوبوونی
بانگی مزگەوتەکان
بیر لە وشەی ئیمانداری و
دزینی پێڵاوەکان بکەمەوە،
لە تەریقەتی میوانداریدا
پێشوازی
لەو پەپوولە عەیارانە بکەم
کە خۆیان لە باق و بریقی
باخچە شاردۆتەوە
دەبێ..
بەو نەخشەی ئومێدەی کە هەمە
خەریکی ساڕێژکردنی

برینەکەی نێو سینەم بم
تا خۆشەویستی پێم دەڵێ:
(ئەها.. عەشق
چەند تەنیایە
ئەها.. تەنیایی
چەند پڕە لە عەشق)،
دەبێ تەماشای
ڕووتبوونەوەی پرتەقاڵ بکەم
نەک بکەوێتە
ژێر نەزەری جەللادێکەوە
تا بەتاڵبوونەوەی عەورەتی
پیاوە ئاسک کوژەکان
دەبێ پاسەوانی
دارهەرمێ بکەم
تا ئەو دەمەی
دەنگێ لە خۆخواردنەوەم هەڵدەستێ و
پێمدەڵێ:

(باخەوان هێند بێ شاهامەتانە
دەستی بۆ گوڵەکان دەبرد
مینای ڕۆح
دەکەوتە کرۆژینی
پەنجەکانی خۆی..
ئەها.. خەنجەرێک
لە زمانت گیر بووەو
نایەڵێ لە وتندا
دوا کرۆزانەوەی عەشق
بنووسیتەوەو
یەکەمین گێڕانەوە
لە هەناسەتەوە دەرچێ)،
من دەبێ..
خۆم لەم نەگبەتییە
بەدوور بگرم
خودایە سەبووریم بدەرەوە
با نەبمە قوربانی

ئەم بێڕەنگییە
من دەبێ..
تا سرووشتی خاوبوونەوەی ئەم ڕقە..
ڕێنەدەم پەشیمانی
بەرۆکم بگرێ
تا دەربازبوون
لەم باوێشکی تەمبەڵییە
خەریکی ڕاهێنانی بازێک بم
بۆ دۆزینەوەی ئەڵماسەکانی
نێو دڵی دەریا
دەبێ..
تا کۆکردنەوەی
گلەییەکانی چەتر
خەریکی دادگاییکردنی
ڕەشەبا بم
تا کردنەوەی
پەنجەرەی ئەم زەمەنە

لەگەڵ ڕۆژەکانی هەفتەدا بجەنگم
نەک نەمپەرژێ
خەیاڵە جوانەکانی بێداربوونەوە
بخەمە گیرفانی
کراسە کەسکەکەی هیواوە
دەبێ..
تا خەجاڵەتبوونی چەقۆ
دڵنەوایی
سێوە قاشکراوەکان بدەمەوە،
کە من بەدیار
هێمنیی ئێوارەیەکەوە ڕامابووم
لەپڕ پیاسەیەکی بەجێماو
بە شەقامێکی کڵۆڵەوە
بە دەنگی بەرز پێی وتم:
(ڕامان بەدیار
ئێوارە سەرخۆشەکانەوە
دەتخاتە سەمای نائاگاییەوە

ئەها.. چەندە بەجێماوی
ئەها.. تەپوتۆز
لە پشتەوەت هەڵناسێ،
زینی ئەسپەکەت توند بگرەو
غاردە..
ئەها.. فەرسەخێک ماوە بۆ گەیشتن)
من دەبێ
تا چنگکەوتنی
ناسکترین گێلاسی پەیڤەکان
(وەک پیرەمەگروون
سەر لە حوجرەی نالی بدەم)[1*]
تا درکاندنی
بەشێکی تر لەم نهێنییە
باس لە پیربوونی
ڕێواسێکی گۆپاڵ بەدەست بکەم
لە بەهارێکی هەرزەدا،

[1*] لە ناونیشانی قەسیدەیەکی شەهید دڵشاد مەریوانی –ەوە وەرگیراوە، بەڵام بە دەستکارییەوە.

خۆم بە خوێندنەوەی
ئایەتە گوناهبارەکانی
زەمەنەوە بخافڵێنم
دەبێ تا هێوربوونەوەم
بەرچنەیەک ئیحساس
لە زاکیرەمدا بدۆزمەوە،
تا گێڕانەوەی حیکایەتێکی
سەر ماشوبرنجی
خەریکی لەبەرکردنی
مەعریفەی خەونەکانم بم
بەڵکو جوانی
ببێتە یەکەمین وانەی
هەنسکە شێدارەکانی پەنهانی و
منیش لەنێو
ئازارە هەمیشەییەکەی نووسیندا
لە گەواڵە هەورەکەی
بارین دەرباز بم


لە پێریدا

قۆرخ بووم لە خەیاڵداو
خەریکە عادەت بە ڕامانەوە بگرم
ئاخر نازانم بەم ئێوارەیە
ئەم تاڵەمووە چی بوو
بە شنەشن کەوتە سەردەستم
وام لێهاتووە دەرگای پرسیار بخەمە سەرپشت و
بە ساتە عەدەمچووەکانی جارانمدا بچمەوە،
هەندێکجار
بیرکردنەوە لە ڕابردوو
گەڕانە بە شوێن دۆزینەوەی نهێنییەک
لە زیهنی بەسەرداتێپەڕینی کاتدا
مەعلومە لەخۆڕا هیچ سەرەتایەک
ناگاتە کۆتایی ئاوابوون
تا لە ڕەنگی نارنجیدا
مەغریبێک فەنای بکات لە خۆی،
ئەشێ پێمنابێتە نێو وەرزێکی نوێ
وەرزێک..

پڕ لە وێنەی خەزان و
کاڵی ئەو لیمۆیانەی
لە چاوەڕوانی بێزووی ژنێکدا پووکانەوە
پڕ لە بۆنی ئەو ناسکە خەیارانەی
شاعیرێک لە مەستیدا
لەدوای هەر پێکێک
دایدەکرمێنێت،
ئەم ئێوارەیە
جودا لە ئێوارەکانی ڕابردوو
بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەم
خاڵییە لەو سێبەرانەی
ڕۆژانی دی بە سوچێکەوە جێدەمان
کەنەفتی سەرجێگە نیم و
توانای تەماشاکردنی ئەودیوی پەنجەرەم نییە
وەک ئەوەی لە ڕۆخی زەلکاوێکدا
تیمساح قاچی گەستبێتم و
مێرووله خەریکی ڕۆحکێشانم بێت

ناتوانم دەست بدەمە کتێبەکەی بەردەمم و
لەرزۆکی بە دەستمدا دێت،
جاران..
گوێم نەئەدایە وەرینی تاڵەمووی سەرم و
هەمیشە ئاوێتەی
خەونە بە لاسک چووەکان دەبووم
ترسم لە لۆچی ڕوومەت نەدەکردەوەو
وەک ئاسک بەنێو شیعرەکانمدا دەگوزەرام
جاران..
ئێوارەکانی پڕ بوون لە خاوکردنەوەی پرچ و
پیاسەی شەقامەکانی شار
پڕ بوو لە نیگای ئەو کچانەی
جوانییان بە هەندەران سپارد
لە سیمای ئەو قەیرەکچانەی
هەمیشە خەویان بە کراسی سپی و
چاوەڕوانیی گەڕانەوەی
گەنجەکانی دوورەوڵات

تاسانبوونی،
لەم ئێوارەیەدا
خنورەی هیچ حەزێک بە لاشەمدا نایەت
کات وەستاوەو
وەک شێت بە پەنجە تەمەن دەژمێرم
ڕوو دەکەمە ئاوێنەکەم و
بواردەی تەڵخییەک
ماوەم نادات خۆم ببینم
دەمەوێت بە پلیکانەدا هەڵزنێم
هێز لە چۆکمدا نییە بۆ سەرکەوتن
غیرەتی ئاوڕدانەوەم نییە لە خۆم و
لە تەریقبوونەوەدا دەتوێمەوە
شەکەتم و لەژێر سایەی سەیوانی تەمەندا
درود بۆ ئەو چرکەساتانە دەبەم
منداڵانە دەیخستمە بیردۆزی تەمەنناوە
ئەمە چ ئێوارەیەکی پڕ زامە
(با) پرچم دەژاکێنێ و

بۆ قووڵایی یادگارییەک لوولم دەدات،
ئەم ئێوارەیە
وەک سەفەری ڕێبوارێکە
لە بیابانێکی سەرابی و
گەڕان بەدووی قومێک ئاودا
نە ئەوەتا، بەدیار سەرەتای نووسینی شیعرێکەوە
دەکەومەوە خۆخواردنەوە
تا لە گوناهی خەیاڵێک پاک ببمەوە،
نە ئەوەتا سیگارێک شک دەبەم
بۆ خۆلەبیرچوونەوە
تاکو کەمێک ئۆقرە بگرم
بە یادی شکانی شووشەیەکەوە،
ئەم ئێوارەیە
نوری نیگای هیچ عاشقێک
نامباتەوە بۆ پیرۆزیی یەکەمین سۆز
تا بەدیار سەفەری هەمیشەیی کۆنەیارەوە
بیر لە ناشتنی میهرەبانی حەزێک بکەمەوە

تەنیام و کەوتوومەتە نێو گێژاوی ئەم ئێوارەیەوە
دوور نییە لەوپەڕی نائاگایی..
غافڵ لە هەموو ویستێک
بێزار لە گشت مەرامێک
ئەم خەیاڵە نائاساییە بمباو
بە فریای دەنگی سۆڵۆی ئاوازێکی حەزین نەکەوم،
یاخود ماوەی گوێگرتنم نەمێنێ و
لەنێو تاریکایی تەمەندا
ئەشک بە چاومدا بێتە خوار،
هەندێکجار..
تێفکرینەوە لەو خەونانەی دێنە دی
چوونە بەرەو ناوەڕۆکی حاڵیبوون و
هەندێکجاری دیش دۆڕاندن،
ئەم ئێوارەیە واملێهاتووە
نەخشەی بێخەوشی خەیاڵم بشێوێنم و
بۆ چەند ساتێک
دوور لە فەنتازیای بیرۆکەم

بگەڕێمەوە بۆ نێو خۆم
لە ژوورێکی هەواکێشی پاییزانەو
دۆزینەوەی کلیلی ئەو دەرگایانەی
هەمیشە بە ڕووی خۆشبەختیدا دادەخرێن
چوون هەست دەکەم
قارەمانی هیچ حیکایەتێک لە زەینمدا نەماوە
خەمی خۆمی بۆ بڕێژم و
بیکاتە چیرۆکی ژیان،
ئەم ئێوارەیە
کڕنووشی هیچ مەبەستێک نەماوە
تەنیایی خواوەندێکی بۆ شەرح بکەم
ئازاری جەستەیەک نەماوە
غەدری نەمانی
حەوسەڵەی خۆمی لا بدرکێنم
ئیتر زەمەنی گێڕانەوەی ئەو تێکستەیە
لەمێژە لەنێو پەنجەی دەستی چەپمدا دەگەڕێت
کاتی درکاندنی ئەو نەهێنییانەیە

ژیانمی بە سەکۆی دیوارێکەوە هەڵواسیوە
من پیریێتیم لە دووکەڵی جگەرەیەکدا دۆزییەوەو
ئێستا تێرەگەم
ئەمە ئێوارەی ماشوبرنجی تەمەنەو
ژیان بەوانەی دوای خۆم دەسپێرم.

شتێک لە ڕۆحما ... ستارە دەگرێ

ژیانکردن.. جگە لە خۆهاویشتنە نێو گەرووی تیمساحەکانو
خۆ مەڵۆسدان لەپاڵ بوغزدا، پیشەیەکی دیکەی نییە.

ئەمە بەشێک بوو
لە دەنگدانەوەکانی
دیوی پشتەوەی ئەو خەیاڵە لاڕێیانەی
بەنیاز بووم
لەسەر ئیقاعی شیعرێک بیاننووسمەوەو
دواجار..
لە سەفەرنامە شێواوەکانی زەمەندا دایاننێم،
بەر خەیاڵکەوتنی حەقیقەت
دۆزینەوەی وەهمە جێماوەکانی ژیانە
لە نزیک، بچووکبوونەوەی گەردوونو
هەڵگرتنەوەی ئەو کاتە بەربڵاوانەیە
کە لەناو تەبیعەتی ڕەنگدا ونبوونو
منیشیان..
هەر بە قەڵەمەکەی دەستمەوە سڕییەوە،

ئەو کاتەی ئولفەتم بە خۆمەوە گرت و
پەنام بردە بەر گێڕانەوە
سیحرێک لەوسەری ئاشناییەوە
فڕێی دامە سەر ئەستێرەیەکی نەناس و
دوای ئەوەی پەڕەیەکی بە ناوچەوانمەوە نا
دەستێکی لە ڕووخسارم وەرداو
بۆ ئەبەد ڕەشی کردمەوە،
ئەگەر نا.. نەمدەویست لەخۆڕا
سکێچی تەنیاییم تێک بچێ و
گەڵای درەختی تەماشام
هەڵوەرێتە..
ناو بۆشایی تارماییەکانی جەهالەتەوە،
دەمویست بە چاوی تەڕی سەحەردا
بچمەوە ناو ئاهونزولەی ئەو سەردەمانەی
لەنێو نامە خووساوەکاندا
موعتات بووم..
بە دەست خۆخواردنەوەوەو

لای ڕابردوویەکی شەکەت
کۆشکی نامورادیم هەڵچنی،
هەر ئەو کاتەی
بە خۆم و باوەشێک مردنی شیرینەوە
بە خۆم و کۆشێک غەریبیی قسەخۆشەوە
دیرۆکی وتنم لە نەسلی گۆرانی و
سەرقاڵبوون
بە تێپەڕینەکانەوە
وای لێکردم
گوێم لەو ناڵینانە نەبێ
کە لە شوێن پێکانی زەمەنەوە بەرز دەبنەوە،
لەبیری بردمەوە
ئاوڕێک لەو ئەوینە بدەمەوە
کە سەری بڕاوی منی
بردەوە بۆ پاییزی تەمەن و
لافیتەی تەنیاییمی
بەبەر پەنجەرەکانی ڕوانیندا هەڵواسی،

بیرم نەبوو
شتێکی کەم لەو بوغزە ڕۆکەم
کە لە وارگۆنی ڤیتارەکەی کاتەوە
کەوتە ناخمەوەو
دوور... لەوسەری خۆمەوە بەجێ هێشتم،
سەردەمێ لای پیرەباخێکی گۆچان بەدەستو
کەڕەتێ لەنێوان خۆمو خودایا
تووشی بیرچوونەوەی ئەو شتانە دەهاتم
کە بۆ فەنابوونی دڵێ
لەناو عیشقێکی خاوێندا
بەسەر چاونەترسی
پلیکانەکانی یەقیندا
سەردەکەوتمو
هەمیشە لە بەرزاییەوە
نیگام دەخستە
سەر جنسی ئەو کۆترە چاوچنۆکانەی
بەقەدەر هەموو دنیا

حەزیان بە فڕین دەکردو
بەقەدەر هەموو گەردوونیش
بەسەر سەری عاشقەکانەوە
بوغز دایدەگرتن و
بە دەنگدانەوەی ماچ هەراسان دەبوون،
هیچ شتێک هێندەی بینین
تووشی دڵەخورپەم ناکا
ئەوەندە هەیە دەزانم
ڕۆژێک دێ
سەرم پڕ دەبێت لەو وردە دیتنانەی
بەدەم تێپەڕینم بە شوێنەکاندا وەرمگرتوون و
بێئەوەی پێبزانم
لە نووسینی ژێر پەنجەکانمدا
خۆیان دەڵێنەوەو
بە ڕیتمی شیعرێکی عاشقانەمدا
دەنگدانەوەیان
دەگاتە ئەوپەڕی

ئاسمانە تووڕەکانی سەرەوەو
هەموویان دەخاتە
پڕمەی گریانێکی عەجیبەوە،
دەزانم .. ڕۆژێک دێ
ئەوەی ماوەی گێڕانەوەی نەبوو
ئەوەی کاتی گەیشتنی مابوو
ئەوەی لە سەرەتای دەرکەوتندا بوو
پێکەوە دەڕژێنە
ناو گەرووی تیمساحەکانەوەو
لەپاڵ بوغزدا ون دەبن،
بێئەوەی هەستی پێ بکەم
بێئەوەی بە خۆم بزانم
شتێک لە ڕۆحما ستارە دەگرێو
ئیدی ناتوانم لەنێویا هەڵبێم،
تاکە شتێک
کە وەک ئاوێنە
دەمکات بە هەزار پارچەوەو

هەر بەشێکم
بۆ شوێنێکی دوور
توورِ ئەدا
وەک بڵێی بیەوێ
تۆڵەی ئەوەم لێ بکاتەوە
کە دەستم خستە ناو خوێنی
ژەنینی شمشاڵێکەوەو
ڕۆحی مۆسیقایەکەم دزی
کە شەقێکم لە ڕابردوو داو
سەری خۆم هەڵگرت بۆ ناشوێن،
پێدەچێ بیەوێت
زمانم ببڕێتەوەو
بیبەخشێت بەو خواوەندەی
ئاسایی نەبووە لەلای ئەوەوە
سورەتی عەشق ئەزبەر بکەم،
ڕەنگە بیەوێ
ئەو هەموو حیکایەتانەم ببات

کە سەرجەمیان
باس لە بێغیرەتی زریانەکان‌و
هەڵمەتی شەپۆلەکانی جەهالەت دەکەن،
ڕەنگە وابێ
دەنا هەرگیز نەمویستووە
دیوی پشتەوەی حیکایەتەکان بگێڕمەوەو
سەرلەبەری
شتە ون‌و پەنهانەکان بدرکێنم،
ڕەنگە وابێ
شتێک لە ڕۆحما ستارەی گرتووە
دوور نییە نەیەوێت
ڕووی ئەودیوی تەمەنناکانم
بە بوغزی زەمەن نەشواتەوەو
فڕێم نەداتەوە
بۆ سەرەتای یەکەمین چاوهەڵهێنانی ژیانکردنم
لەناو بێچێژبوونی خۆیدا،

ئەگەر نا
ئەوە چییە سەرم دەکێشێ بە گوناهداو
بەم هەموو ماتەمینییەی خۆمەوە
لێناگەڕێ
دەرسێک لەو هێڵە نارێکانەوە وەرگرم
لە تەبیعەتی ڕێگاکاندا دروست بوون‌و
خوویان داوەتە
داپۆشینی ساتە دەروشاوەکانی تێگەیشتن،
لەو هەموو کەئابانەی
دوای ئازاردان
دەچەقێنە سەر دڵی بریندارم‌و
ماوە نادەن
لە کۆتایی تەمەنی
پیرە درەختێک حاڵی بم
کە بەدەم مەشغەڵەتی دەورانەوە
سیس هەڵگەڕاوەو
وەجهی دەچێتەوە سەر خۆم.



سێبەر و جەستە.. غەریبێکی ڕاو

(غوربەتی.. پیاوێکی سەر ماشوبرنجی ئەوپەڕی
ژیرنەبوونەوەی گریانە)
ئەم قەسیدەیە پێشکەشە بە (جەمال غەمبار)

کە خەمی نووسینەوەی شیعرێ
بە دڵمەوە دەنووسێ و
گێژاوی گەیشتنی خەیاڵێ
زاکیرەم بە خۆیەوە دەپێچێتەوە
ئیدی پەنایەک نامێنێ... خۆمی تیا بڵێم...!
من، ڕۆحی خۆمم
لەنێو گۆڕێکی خاڵیدا بەجێ هێشتووە و
ئێستا ناتوانم...
بەم جەستە غەریبەم بڵێم:
تۆ دەتوانی... تێهەڵچیتەوە جاران و
هەورێک لە گریان ژوورسەرت نەگرێ؟
دەتوانی... بە مناڵەکانی ئەوێ بڵێیت
گەورە مەبن

گەورەبوون جگە لە عەزاب هیچی تر نییە؟
دەتوانی... غەریب
ئەو ڕێگا دوورەی ژیان قەدبڕ بکەیت و
چرکەیەک ڕۆحم بۆ بێنیتەوە؟
تا منی وەریوی ناو ئەم جەنگەڵە
بۆ بێزاری... پێناسەیەک و
بۆ گەڕان... هاوڕێیەکم هەبێ و
لە شورای ئەم تەنیاییە پەنهانەی خۆم دەربچم و
لەوێی بەجێماوییەکەی خۆمدا
پڕ.. پڕ ببمەوە لە ڕابردووی وەرین
لە گەیشتنەوە بە مەودا ماندووەکانی باران،
ئاخر ئێستا...
من لە سەرای خەمێکدا ڕوواوم
لەوسەری ماتڵبوونی خۆمەوە
نیگا دەخەمە سەر هەر شتێ
هەر ئاگری بێ وەڵامییە
پووشی ئۆقرەم دەسوتێنێ،

خۆ ئەگەر ... غەریب

ئەم ئەنگوستە حوزنەم تیا نەبێ و

ئەم دڵپڕییە لە مندا نەبووایە

چۆن دەمتوانی

گریانی خوا بنووسمەوە،

لوتفێ بکە.. ئەی غەریب

ئەم ماڵە لە دەنگدانەوەی خۆیدا

خەریکە کەڕ دەبێ و

ئەم پەنجەرانە

لەبەر نەبوونی ڕوانین

خەریکە ڕەنگ بیانگرێ

دەست لەسەر نوری دوعایەک دانێ و

ئیمانم پڕ بکە لە پاڕانەوە

چاو لەسەر شیعرێکی (مەحوی) هەڵخەو

ڕۆحم بسپێرە بە خودا

پێپاک بەو

ئەم گیانە تەڕەی ناو شیعرم

فڕێدەرە...
ناو لاشەی سووتاوی ئاسکێکەوە
ئەم گیانە گرانەی قەسیدەم
بخەرە ناو جەستەی کوژراوی ژنێکەوە
چونکە دەزانم
بەدەم هەناسەسواری دێڕێکەوە لەناوبران و
لەوێی نائومێدی خۆیاندا
حەزێکیان لە پاش جێماوە
قەندەحەزێک... دەبێ بیچێژن،
شکۆمەندی ئەم هیچکەرایییە
لەکوێوە هاتووە... غەریب
من لێرەی دەرقەت نەهاتنی تاوانەکاندام
جەستەم بووە بە عەسای دەستی جەللادێک و
یەکپارچە...
هەست بە تێکشکانی خۆم دەکەم،
ئیتر بەم هەموو برینەوە چۆن بڕژێم
یان ئا بەم خەمە قورسەوە

لە کوچەی چ دڵێکی تەڕیودا
ئێستا... لەنگەر پێبگرم
نازانم چۆن خۆم بڵێمەوە
کە ڕۆحی خۆمم
لەوێی مەرگێک بەجێ هێشتبێ و
کە جەستەی غەریبیشم
بەدیار شنەبای بەسەرچوونی تەمەنەوە
خەریکی نووسینەوەی
وەرزە قەمبوورەکان بێت و
عادەت بە ژەنینی شمشاڵی گریانەوە بگرێ
چۆن بتوانم
حیکایەتی ئەو ڕۆژانە ئەزبەر بکەم
کە منیان کردە سێبەر و
هەتا ئەبەد لکاندمیان... بە جەستەیەکی غەریبەوە،
تەنیایی...
شەوانی بێداری چاوی خوێنینی منە و
ونبوونیشم...

لەو ئێوارە شەرمنانەوە دەست پێ دەکات
کە لەنێو تاڵە سپییەکانی قژمدا... دەمەوێت
فەلسەفەی پیربوون دابنێم
کە لەبەردەم پێکی تەمەندا
دڵنەوایی (ئاو) ئەدەمەوە
خۆی لەو مەنگییە دەرێنێ و
خورە بخاتە ڕۆحمەوە
نەبادا وشک بیمەوە،
گەلێ جاران
چەشنی مەخلوقێکی سەرخۆش
خۆم بە نهێنیی باخچەکاندا دەکێشم
کەچی ئینجانەیەکی شین
کە پڕە لە حیکایەتی سەوز و سوور
دێتە کۆشمەوە و... یەک بە خۆی
دەپاڕێتەوە و دەڵێ...
بیکە بە خاتری
تەمەنی نازنازێکی بچووک

به بۆنی خاکی پاش باران
بە گۆرانییە تۆراوەکانی ناو باخچە و
بە مانگرتنی پارچەیەک غەزەل... لە داخی شەڕ
بیکە بە خاتری
هەنسکە شێدارەکانی... دایک
لێگەڕێ...
لێگەڕێ ئەم نهێنییانە
لەجێی خۆیاندا سەنگین بن؟
بهێڵە...
بهێڵە گوڵزاری ئەم شوێنە نەشێوێ و
باخچە لە هەڵچوون و داچوونی خۆیدا بمێنێتەوە و
تۆ شتێکی کەم
بچۆرەوە بۆ ناو خۆت و... بزانە
بزانە چ ئینسانێکی عاجزی و
بیر بکەرەوە کە تۆ
پاشماوەی چ شەڕێکی وێرانی ناو خۆتی؟!

گەلێ جاران
هەست دەکەم
شەوی شێتبوونێک
سپێدەی تەنیاییم دەخوا و
لە خۆمەوە دەڵێی
تا هەمیشە... لەبەر ئاوێنەی مردنێکی عەجیبدا ڕابوەستم
لەخۆوە دەڵێی
سوێندێکم خواردووە...
سوێندێکی خۆمانە
گریان لە تابلۆیەکی (ستار قادر) بسەنمەوە بۆ خۆم
مەملکێک لە (قوباد) هەڵگەنم بۆ تەنیایی و
تووڕەبوونێک لە (ڕۆژ) داگیرکەم بۆ عیرفانییەت و
هەر دەڵێی بەڵێنم داوە
دوعا خوساوەکانی کچەکەم...
وەک خۆیان
بنێرم بۆ خودا و
گلەییە شیرینەکانی ژنەکەم

بخەمە بەینی کتێبەکانمەوە و
ئیدی بۆ خۆم غەریبانە
لە نامۆییەکانی خۆمدا
بڕۆم و کۆتایی ئەم قەسیدەیە
بۆ هاوڕێیەکی عاجزم بەجێ بهێڵم
بڕۆم و کۆتایی ئەم خەونە
بۆ ئاوازی کەمانچەیەکی تۆراو دابنێم و
لەخۆمەوە دەڵێی
مردنی خۆمم
لە نووسینەوە پێ جوانترە و
مانەوە لە خۆخواردنەوەی خۆمدا
گەیشتنە
بە هەموو کۆتاییەکانی ڕۆح و
لەخۆمەوە دەڵێی
واز لە هەموو شتێک بهێنم و... نەهێڵم
نەهێڵم ببم بە شاعیر

هەشت پەڕەسێلکەی خوساو

نمایشی باڵندەکان

شوێن..
دیوی پشتەوەی ژیان
درەختەکانیش بە ئاسمانەوە
لەقلەقەکان وا دەردەکەون تۆرابن
کات..
دەمەوئێوارەی تەمەنی فڕینە
حەقیقەت پڕبووە لە بەرد
باڵندەیەک جریوەیەک فڕێ ئەداو ئەڕوا
پەپوولەیەکی عاشق
سەمایەک بە لێواری تەنیاییەوە جێدێڵێ
هەموو دنیا بێڕەنگە
تارماییەک بەپرتاو خۆی دەکات بە ژیاندا
هاڕەی شکانی شاعیرێک
نمایشەکە ڕادەگرێ.

ڕەشماوەی سەر شەقامەکان

بەرواری..
زرموهوڕی هەورەبروسکەیە
دێراوێک لە داخا مەنگ بووە
چۆڕاوی باران
بە شەکەتی شۆڕ دەبێتەوە
دەنگی بەجێماوی جێپێیەکان
بەرەو تەنیایی هەڵدەکشێن
هەریەکەو حیکایەتێکی بریندارو
گلەییەکی نامۆیان پێیە
هەڵدەکشێن بەرەو بەرزایی
لەپڕ نوزەنوزی شیعرێک
شەقامەکان دەخرۆشێنێ و
منالێک بە ڕاکردن
تەواوی شەقامەکان تەی دەکات
بۆ گەیشتن بە خودا.

سەفەری باخەکان

لە دەمەو (بەیانی)دا
مشتێ ئاو ئەپرژێنن بە خۆیانداو
گەڵاکانیان دەپێچنەوە،
ڕێگایەک لە وەریندا ئەدۆزنەوە
پشت دەکەنە خۆر
دەستی یەکتر دەگرن و دەڕۆن،
پڕ چیمەنێک بێزارییان کۆکردۆتەوە
لەگەڵ شەتڵێک تۆراندا،
یەکی کۆڵێک گریانیان پێیە
بەقەدر هەموو دنیا ئازار
یەکی کۆشێک نیگەرانیو
بەقەدر گەردوونیش تورەبوون،
باخەکان سەفەر دەکەن
لەبەرئەوەی هەتا ئێستا
پێکەنینیان لە خۆیاندا
نەبینیوە..!!

ونبوونی دیزەو گۆزەکان

کەس هەستی پێیان نەکرد
تەنانەت بە بیریشیاندا نەهاتەوە
سەردەمانێک
شاعیرێک باسی دەکردن،
ئەوان وردەوردە ونبوون
هەر جارەو یەکێکیان
دڵی شکا
هەر جارەو نەوەیەکیان
کۆکردەوە لە خۆیاندا
ڕێی گۆڕستانیان نزیک خستەوە بۆمان
دۆلکەیەک ئاومان ئەدان و
کامەران دەبووین
قوممان بە دووریانەوە دەناو
مەست دەبووین
ئێمە شەراب مەستی نەکردین
ئەوە گۆزەکان بوون ئێمەیان بێهۆش دەکرد
هەزاران درود بۆ خەیام،

تێکەڵبوونی ژمارەکان

هێندە تێکەڵن ناژمێرێن
ئەوەندە چوونەتە ناویەکەوە جیاناکرێنەوە،
ژمارەکان بۆ وایان لێهات؟
ئەوە قسەی کاتنووسێک بوو
بۆ ژمارەکان تێکەڵ بوون؟
ئەوە پرسیاری بێدارێک بوو
کاتژمێرەکە تووڕە بوو
خۆی کرد بە هەزار پارچەوە،
دەستێک ئەو کارەی کردووە؟!
دەنگی گریانێک دەبیستم
پێدەچێ ژمارەکان بن،
ناڵەیەک لە دوورەوە دێ
ڕەنگە ژمارەی گۆڕەکانیش شێوابن،
ژیان دەڵێ:
ئەوەی ئەو کارەی کردووە
ئەو پێنووسەیە
کە کاتی نییە
بەدیار زەمەنەوە بووەستێ.

هاتوهاواری کتێبەکان

دەنگێکی زۆر ئاڵۆز
لە کتێبخانەکەوە دەرئەچێ
لێیان تێناگەم،
کتێبەکان هەموویان پێکەوە
هاوار دەکەن
ناتوانم بێدەنگیان بکەم،
دەنگی ڕیتمێکی شیعری دێت
حیکایەتێک تێکەڵی دەبێ
دەنگی گێڕانەوەک دێت
ئەفسانەیەک ڕایدەگرێ
دەنگی لێکۆڵینەوەیەک دەبیستم
لەپڕ ڕەخنەیەک پێمدەڵێ:
گەر هەموومان نەخەیتەوە ناو یەک ڕەفە
سوێند دەخۆم لەسەرت دەنووسم،
بە ناونیشانی..
شاعیر + ڕاوچی = جەللاد
چونکە زیندانیکردنی ئێمەو
لەقەفەسکردنی بولبوول
جیاوازییەکی وای نییە.

پرسیاری کچەکانم

ئەوەندە لە پرسیارەکانیان دەترسێم
بێدەنگی دامدەگرێ،
پرسیاری وەهام لێ دەکەن
لە پێستی خۆم دەرمدێنن،
باسی تەنیایی خۆمم بۆ دەکەن
گوایە من گەلێک ئازادم
ئەو کاتەی کە
دەستلەملانی شیعرێک بووم و
ئاگام لە کەسیان نەماوە،
ماوەیەکە وا هەست دەکەم
پرسیارێکی قورسیان هەیە
تا لێم بکەن
چونکە سۆمای چاوەکانیان
وەکو جاران سیحری سۆزیان تیا نەماوە.
تا ئەو کاتەی چوومە ژوورەکەی خۆمەوەو
لای جانتاکەم پرسیارێکیان بۆ دانابووم
لێی نووسرابوو:
((ئەوێ ڕۆژێ(ناسنامە)کانمان خوێندەوە
بۆچی بەبێ پرسی ئێمە تێیدا نووسراوە "مسلمە")).

پێناسەکانی لاسایی

لاسایی دەوروبەرم کردەوە
بەجێمام،
شوێنپێی باوانم هەڵگرت
دۆڕام،
لاسایی قەڵەمم کردەوە
پشتم شکا،
پێناسەکانی لاساییم لەبەرکرد
سڕامەوە،
لاسایی زەمەنم کردەوە
بێئەوەی بە خۆم بزانم
پشتاوپشت بۆ دواوە
بۆ سەردەمی پێش زایین
بۆ ئەشکەوتی
نیاندەرتاڵەکان چووبووم،
لاسایی دەردێکی پێکردوم
خۆمم پێ حونجە ناکرێ.


ئەگەر تەنیایی لێگەڕێ
دڵم لە باراندا شینە

دەمێک نییە وام..!!
دەمێک نییە
تەنیایی، بە سەرپۆشە شێدارەکەی خۆی دامدەپۆشێ و
زەینم بە پەڕۆیەکی کەسکەوە دەپێچێتەوە
تەنیایی،ماڵەکەمی بە کپبوونی خۆی سواغ داوە
ئاوێنەکەمی
لەنێوان خۆی و خۆمدا بزر کردووە،
هەندێکجار
بە خاتری ئەوەی ڕامبێنێت لە خۆی
هەڵپەی یارییەکی عەنتیکە دەکات
بە زمان، فرمێسکی سەر ڕوومەتم دەلێسێتەوە
تەنیایی..
لەسەر ئیقاعێکی غەریب
ڕایهێناوم
هەموو جارێک
کە دەست دەبەم
بۆ کردنەوەی

دەرگای ژەنگنی ژوورەکەم
تەنیایی.. نا نا نەکەیت
بە جیرەی ئەو دەرگایەت
کەرِم بکەیت و
هەموو جارێک
تا دێمەوە سەر نەسەبی خۆم
چەندین تاڵی تر لە قژت
سپیی بێتەوە،
ژوورەکەی من و تەنیایی
چەندین رِۆژنامەی تیایە و
هەریەکەیان
بەجۆرێک قسەی خۆی دەڵێ و
بە چەشنێکی تر
پێناسەی ساتەکانی
بیرچوونەوەی زەمەن دەکەن،

لە «ڕۆژنامەی باران»دا
هەواڵی دۆزینەوەی
گوڵێکی سووری تیایە
لەنێو گەرووی
وشکهەڵگەڕاوی شیعرێکدا و
مژدەی دۆزینەوەی
ڕێگاکانی...
ئەودیو قیامەت دەردەخات،

لە «ڕۆژنامەی گریان»دا
چیرۆکەهەواڵێکە
دەگێڕێتەوە و دەڵێت:
لەو کاتەوەی ڕووبار تۆراوە لە ئاسمان
ئاسمان یاخییە لە هەور
ئەم لەبری بێتاقەت بێ و داباریێت
قاقا لەسەر پشت کەوتووە و پێدەکەنێت،

لە «ڕۆژنامەی بێدەنگی»دا
ڕیپۆرتاژێکە دەربارەی
ژیانێکی تر نووسراوە
ئەو گوڵە حاجیلانە ئاگادار دەکاتەوە
غەرقی تاوانەکانی خۆیان بوون
ئەو حیکایەتە سوورباوانە دەگێڕێتەوە
باس لە هاتوهەرای
خۆسووتاندنی شۆڕەبی دەکات،

لە «ڕۆژنامەی ترس»دا
ستوونێک هەیە
بە ناوی
(پەنجا وشە
لەبری پەنجا تاوان..؟!)
باس لە کرمێبوونی ناوەوەی هەنارێکە
قسە لەسەر ئەو دەنکە هەنارانە دەکات
هەموویان لە یەک خوێنن

کەچی ڕۆحی یەکتر دەخۆن،

لە «ڕۆژنامەی سێبەر»دا
ڕاپۆرتێک لە خۆرەوە
ڕووناکیتان لێ دەسێنمەوە
وادەکەم چاوتان جوانی نەبینێ
بە مانگ دەڵێم: بە تاریکیتان بسپێرێت
ئێوە، کە گەردیلەن لە ئاو
ئێوە، کە تەمی غوبارێکن
کە تۆخمێکن لە مانا
کە وشەیەکن لە خۆتان
گەر دەستان لە خوێنی ئەم گەردوونە دەرنەهێنن
تازە ئێوە و ڕووناکی... ڕابردووی تاوانتان خۆش،

لە «ڕۆژنامەی ڕەنگ»دا
خۆتان لە ڕەنگی سپێرەکانی ئومێد
ڕووت کردۆتەوەو

دڵتان بە تەنافی حەوشەی ماڵەکانەوە هەڵواسیوە
خۆتان لە ڕەنگەکانی ژیان دوورخستۆتەوەو
لە کەنارەکانی مەرگدا گۆرانی دەڵێن
من نازانم...
سەرم لە شەرحکردنی زمانی ئێوە دەرناچێت!

لە «ڕۆژنامەی شاهانە»دا
لێکۆڵینەوەیەک هەیە
قسە لەسەر
نیگا بەجێماوەکانی
ئێوارانی حوزن دەکات
ئەو ساتانە شی دەکاتەوە
کە لە نووکی پەنجەی خەڵوەتنشینێک تکاو
ڕووبارێک لە ئامێزی گرت،

لە «ڕۆژنامەی ڕوانین»دا
وتارێکی گەلێک عەجیب دابەزیوە
ئەو وتارە
لە خودی نامورادیدا
باخچەکانی هیوا
ئاوپەرژێن دەکاتەوەو
باڵە شکاوەکانی تەماشا
بە ئاسمانی نوێبوونەوەی سەبووریدا
دەهێنێتەوە هەڵفڕین،

لە «ڕۆژنامەی قەدەر»دا
بابەتێکە لەسەر تەنیایی نووسراوەو
دەڵێت:
«تەنیایی.. واتە دانبەخۆداگرتنی ماسییەک
لەبەردەم هەرەسی چەقۆیەکی گرگندا..؟!
تەنیایی.. بەشێکە لە خەونە کاڵەکانی موحیبەت و
دۆزینەوەی ئەو ئاوێنە نادیارانەیە

کە جیهان لەبەردەمیدا، گەردێکی وردە»،

بە من بێت
هەموو ڕۆژنامەکانم ئەزبەر بکەم
بە تەنیایی بێت
تەنها شتێک بۆ من باشە..!!
وەک گوێگرتنم لە حیکایەتە شینەکانی و
وەک تەماشاکردنی ڕەنگەکانی خۆی و
وەک بیرکردنەوە لە بیرۆکەکانی و
وەک دۆزینەوە لە داهاتووی خۆی،
بە من بێت
سەری خۆم بسپێرم بە هەرچی جوانییەو
منالێم لەبەر پێی شیعردا ڕابخەم و
پیریم لە پێش پەنجەرەکانی ڕوانیندا هەڵخەم
بە تەنیایی بێت
کێڵگەی پێناسەیەکی تر لە مەرگدا بکێڵم و
لەنێو ڕۆحی عیشقێکی دیکەدا

تۆوی نیگەرانی کۆبکەمەوە
بە من بێت.. ئەمجارە
بە من بێت
شارێکی تر
لە خۆشاوی وشەکانمدا دروست کەم
مەخلوقەکانی، تابلۆو
مەخلوقەکانی، شیعر
مەخلوقەکانی، باخچەو
مەخلوقەکانی، باخەوان
مەخلوقەکانی، هەتاوو
مەخلوقەکانی، ڕووبار
مەخلوقەکانی، مۆسیقاو
مەخلوقەکانی، فریشتە
مەخلوقەکانی بەشێک بن
لە بەشە داڕزیوەکانی جەستەی خۆم و
لە قریشکە وردەکانی ناو ڕۆحی خۆم،

بە تەنیایی بێت.. ئەمجارە
لە وڵاتەکەی ئەودا بژیم
بەشێک بم لەو مەخلوقانەی
بە خوێنی گەڵا دەژین
لەحزەیەک بم لەو ڕۆحانەی
لەودیوی نەمرییەوە
قەسیدە دەنووسنەوە
نوکتەیەک بم لە قسەیەکی شیریندا
باخەوان بم
لە بەهەشتێکی دیکەدا،
تەنیایی، هێند نزیک بووەتەوە
ئەوەندە لە خۆیدا گیری کردووم
هەر باشە نابم بە تەم
هەر باشە بەشێکم ماوە
بۆ نووسینەوەی تەمەنم
تەنیایی، ڕێگەم نادات
بە تەنیا پیاسەیەک بکەم

لێناگەڕێ
ئاورێک لە خۆم بدەمەوە
نایەڵێت.. تەنیایی.. نایەڵێت
پەڕە سپییەکانی ئەزەل بخوێنمەوە،
تەنیایی.. ماوەم نادات
ئەم ژانی ڕۆحە هەڵڕێژمە
کەناری ماتڵبوونمەوە
تەنیایی
منی بەستۆتەوەو
خۆیشی لە گەڕان ناکەوێت
سپاردوومی
بە هیچستانی بێڕەنگی و
ئاورێکم لێ ناداتەوە،
سەرم پڕبووە لە کۆتر و
بێڕەنگیم خوڕەی لێ نایە
دڵم کەوتووەتە خوارەوە و
ئەم شیعرەم پێ تەواو ناکرێت

دەگەڕێمەوە لای خۆم و
بانگی تەنیایی دەکەم
کەچی وەڵامێک نییە
دەترسم
ڕۆشتبێ و
لێرە نەبێ و لێرە بێ و
دەرگاکە بکەمەوە
بشلەقێ،
سکاڵا دەنووسم... سکاڵا
بەڕێز/.....
بابەت/ مۆڵەت
تکایە ڕەزامەندی بفەرموون
بە مۆڵەتدانم
هەر هێندەی کەوتنەخوارەوەی گەڵایەک
لە ترۆپکی درەختێکەوە هەتا سەر زەوی
مۆڵەتێک
ئەوەندەی نووسینی دێڕێک

لەم دێڕانەی بەردەستت
تا ئەم شیعرەم تەواو بێت و
دڵەی زەردم
لە باراندا شین کەمەوە.
لەگەڵ ڕێزی
لێزمەلێزمی باریندا


دەستەکانی من سپێن

لەنێو هاژەهاژی
تاڤگەی گەرووی ژنێکەوە لەدایک بووم
لە شوێن برینی پیاوێکەوە ڕژامە ژیانەوە
هێشتا لە وەرزە ساردەکانی
منالّی خۆم دەرنەچووبووم
بە تەنافی عومرێکی درێژەوە
هەڵیانواسیم
بەدبەختی من ئەوەبوو
دەبوو لەسەر ڕێساکانی بەرد
ژیان لە چاڵە بەفرێکدا
بگەوزێنم
لاساری من ئەمە بوو
چەندین جار
پەنجەی شایەتمانی خۆمم
لە ژماردنی ماسییەکانی دەریادا ون کرد
گوناهەکانی من ئەوەبوو
چاوم لە نیگاکانی چێژدا لێ بەجێماو

ژنێک بردی و
بە ئاوێنەی ژوورەکەیەوە لکاندی
تاوانی من ئەوەبوو
سەری ئەو منداڵانەم دەگەوزاندە خوێن
کە ئاراستەی دارلاستیکەکانیان
ڕوو دەکردە
ترپە.. ترپە
خێراکانی دڵی چۆلەکە
منداڵی ئەو کۆڵانە باریکانەم
کە لە نووسینەوەی مێژووی دەستەکانی خۆیاندا
کافر بوون
نەسەبم دەچێتەوە سەر
ئەو پیرەدارە قەمبوورانەی
ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە
سەر ڕێگا ونبووەکانی خۆشنودی و
کەچی سیگارێک
لە گەڵا چرچبووەکانی

ڕوومەتی خۆیان دەپێچنەوەو
بەدەم چاوەڕوانیی گەیشتنی سیسبوونێکەوە
ئاگری ئەدەن،
بێشەرمی من ئەوەبوو
سەدان جار
لەڕێی دۆزینەوەی
یارییەکی تازەی عەشقدا
سەری خۆم داناو
هەرگیز لە گەڕان نەکەوتم
بێحورمەتی من ئەوەبوو
هەرگیز لێ نەدەگەڕام
سوورمەی سەرسینەی
گۆی مەمکی
پێچاوپێچی
دارپیە قژ خاوەکان
بەر دەمی مشارە شەهوەتییەکانی
زەمەن بکەوێت،

هەتا ژیان بە خۆیدا دەچێتەوە
هەتا تەمەن هێواش دەبێتەوە و
هەتا بەتەواوی گوێم لێ دەگیرێت
لەم یاخیبوونە
نایەمە دەرێ و
هەر لەویمدا دەمێنمەوە،
دەمێنمەوە
تا سەرپۆشێکی جوانتر
بدەم بەسەر ئەم زەوییەدا
دەمێنمەوەو
هاژەی گەلییەکی تر
دەخەمە نێو بێدەنگییەوە،
سەرشێتییەکانی من ئەوەبوو
لە هەناوی پرتەقاڵەوە دەهاتمە دەرێ و
لە زاری شمشاڵێکی کەمەربارێکەوە پژام
یان لە سێبەری پەنجەرەکانەوە
وێنەی شنەبام دەبینی و

بە یادی عەشقێکی تەڕەوە
گوێم بۆ گۆرانییەکی
سەر ماشوبرنجی دەگرت،
داڕوخانی من ئەوەبوو
سەنتورێکی جرپن لە دڵما
دەیوست خۆی بژەنێ و
پاییزێکیش لە ڕۆحما
گەرەکی نەبوو هڵوەرێت،
هەتا دۆزینەوەی
وێنەیەکی نەبینراو
تا کۆکردنەوەی
تەواوی دەنکە هەنارە ڕۆحییەکان،
بەڵێن نییە
لەم یاخیبوونە
بێمە دەرەوە،
گەر بێمەدەرێ
دەبمەوە بە تووتییەکی ڕەزاگران و

گەر لەوێشدا بمێنمەوە
باڵندەیەکم
مەگەر هەر نهێنییە گەورەکانی گەردوون
بزانێت چۆن دەچریکێنم
دەمێنمەوەو
ڕووبارێکی شیرین
دەنێرمەوە بۆ عەرعەر
(ئەنفال) دەخەمە قەوسەوەو
هێمای (؟)ی تۆقیوی بۆ دادەنێم
هەڵەبجە هەر بە ڕووتی
دەهێڵمەوە!
نەک لە چرپەی ئازادییەکەی خۆی و
پێی لە تابلۆکەی
کانی ئاشقانی هەڵکەوێ
بکەوێت بەسەر باخی میرداو
گوڵاڵەسوورەی تەمەنی
جارێکی تر بوەرێتەوە،

بێتاقەتی من ئەوەبوو
سەرم لە ترقە.. ترقی
دارکونکەرەو
بۆڵەبۆڵەکانی گوڵەهەرمێ
دەرنەدەچوو..؟!
خۆخواردنەوەم ئەوەبوو
لەگەڵ دووکەڵ بوووومە هاوڕێ و
لە تەک باراندا
پیاسەم کرد
بەلای شەقامدا نەڕۆیشتم و
لەگەڵ درەختدا
تا ئەبەد ڕانەوەستام،
من هاژوهوژی (با)یەک نیم
پرچی ژنێتی چەمێک
تێک بدەم
تاقوتریقی
لوولەی ژەنگنی

یان مسکی ئەو تفەنگە جەللادانە نیم
تا دوورگەکەی
خوێنینی دڵ
بشڵەقێنم
چرکەچرکی
عومرژمێری ژوورەکەم نیم
بەردەم لە نەوەستان کەوتنەوە
ڕۆژەکانی نامورادی و
هەفتەو
مانگ و
ساڵ و
تەمەن بچرکێنم،
لە سەفەری یاخیبوونم
چۆن دێمەوە
کە دڵنیام
چوون ئێشانی هەزاران دڵ
چوون ڕشتنی ملیۆنان خوێن

چوون بەستنی بلیۆنان چاو
تێهەڵدەچمەوە ڕابردوو،
زمانم وردوخاش دەبێ و
سەریشم کیسەڵێکی نووستو،
دەستەکانی من سپین
شینیان ناکەم
لە یاخیبوون دەمێنمەوەو
تا هەتایە نامبیننەوە

لێرەوە تا بەرزەخ....
سەفەر

پێشکەشە بە خاتوو (بەیان)، ئەو کچە خوێندکارەی زانکۆی سلێمانی، کە بەیانییەک دەیوست بچێت بۆ زانکۆ، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا، بوو بە ژێر تایەی سەیارەیەکەوە

تۆ لەوێیت و
بەدیار گوێگرتن
لە گۆرانییەکی سیسەوە دانیشتوویت
دەمێک دەڕوانیتە تەمەن و
ساتێک بە پێکەنینەوە دەڵێیت:
سپێرەی ڕۆژەکانی وەرینی پەپوولەتان باش،

تۆ لەوێیت و
سپیتر لە ڕەنگی فریشتەکانی فیردەوس
بەرگی تەنیاییت پۆشیوە،
سەرت دەخەیتە
سەرشانی هەورێکی عاجزو

دەست دەخەیتە ناو دڵی شینی ئاسمانەوەو
لەسەر ئیقاعێکی تازەو
بە دەنگێکی ترەوە
گوێم لێیە دەڵێیت:
دێمەوەو
لەپاڵ کراسە کوردییەکەی دایکمدا
تەلارێک لە پەڕ
دروست دەکەمەوە بۆ ژیان
لێرەوە تا بەرزەخ
سەفەر...............
سەفەر بەرەو دوا خوێندنەوەی
شیعرێکی ناسکی
ئێوارەکانی حوزن و
سەفەر ....
تا گەیشتنەوە بە عەشق
تا توانەوە لەناو سڵاوی هاوڕێییەک
تا کەوتنەخوارەوەی ئەستێرەی بەخت و

تا گەیشتن بە ماچێکی غەریب و
تا بەردەم سوژدەبردنی سۆفییەک بۆ خوداو
تا گێڕانەوەی
حیکایەتێکی تەواونەکراو...... سەفەر

تۆ لەوێیت و
بەردەم هەناسە هەڵکێشانێکەوە
وەنەوزی خەوێکی قووڵ دەتباتەوە
بارینی خۆتت
لەسەر شەقامێکی نامورادی جێهێشتووەو
بێئەوەی ئاوڕێک بدەیتەوە
خەریکی چنینی بەیانییەکی
بۆ خۆشەویستەکەت
ئومێدت داوەتە دەست
شۆستەیەکی بێعار و
وەردە... وردە
خلۆر دەبیتەوە بۆ قەدەر

لە دەستی چەپدا سێوێکی سوورو
لە دەستی ڕاستدا قەڵەمێک
پێموابێ دەتەوێت نامەیەک بنووسیت
وەلێ نازانم بۆ کێ
ڕەنگە لە داڵغەی ئەوەدا بیت
بیرەوەرییەکانی خۆت بنووسیتەوەو
بە(با)دا بۆ کەسێکی پۆست بکەیت

لەوێیت
تۆ لەوێیت و
ئولفەتت بە گێڕانەوەوە گرتووە
لەناو نۆتەی ئاوازێکدا
سەری دنیات لێ هاتۆتەوە یەک و
دژواری ئەم گەردوونەت پێ حونجە ناکرێت
بە پەنجە زەوی شی دەکەیتەوەو
دەڵێیت:
وەرن با تۆزێک

خۆڵەپەتانێ بکەین

لەوێیت و دەڵێیت:
ژیانماڵەباجێنەیەکە
لەسەر سووچی کۆڵانێکی غەمبارو
مەنجەڵێک یاپراخی تێدا دەخورێ
لەدوای ئەوە
هەریەکەمان
بۆ ماڵی هەمیشەیی خۆی و
هەریەکەمان
لێرەوە تا ئەوێ
سەفەرێکی سڕو
ئیدی یەکتر ناناسینەوە.

ئێمە لەوێ بووین.. گوڵعوزار
وەهابووین ئێمە.. گوڵعەنبەر

دەبوو بەدیار مەستبوونی خۆمانەوە
شتێک بڵێین و بڕۆین،
بۆ ئەوەی نەخورێینەوە
خۆمان خواردەوەو
بە تەنیشت شینی سازژەنێکەوە
هەتا توانیمان
لەگەڵ باڵندە تەریوەکاندا
چریکاندمان،
ئیمە وەهابووین.. گوڵعوزار
دەستێکمان لە گیرفانی شەرما بەجێماو
حەوسەڵەی گێڕانەوەی
حیکایەتەکانی خۆمان نەما،
قەرار بوو..
لە ماڵی ڕێحانەدا
تا دوادێڕی توانەوە
گوێ بۆ ئاوازەکانی غەریبی دارچنار بگرین
کەچی خۆمان

بووین بە بەشێک
لە تۆوی ڕێحانەو
زاکیرەمان بە چڵەکانەوە بەجێ هێشت،
ئێمە لەوێ بووین.. گوڵعەنبەر
لە شارۆچکەی عەتردا
پیاسەمان بە نرخی (با) کڕیو
نیگامان بە هەڕاج دەست کەوت
سەرچەفی تەنیاییمان دا بە خۆمانداو
لەپاڵ هاڕەی شکانی دڵێکدا سرەوتێکمان کرد،
حەقیقەتمان لە ڕەگی سوور هەڵکێشاو
زەنگیانەی تەمەنمان
بە دیواری مردنێکی قسەخۆشەوە هەڵواسی،
ئەوەندە شتی عەنتیکەمان بیست
تا ئەوپەڕی دەنگدانەوە تریقاینەوە
ئەوەندە موراجەعەی شوێنەکانمان کرد
لە زمانی خۆماندا ون بووینو
لە تەبیعەتی ئەوێدا هەڵتروشکاین،

باوەشمان بۆ ژیان کردەوەو
بە گاڵتەوە پێمان وت:
«بە سەری خاڵخاڵۆکە
بە کڵاوی کڵاوکوڕەو
بە سنگی تەڕی نەورەس
ئێمەت پێ حاسڵ نابێ
بڕۆ لە دیوی خۆتەوە
گۆرانی بۆ هیچبوون بڵێ»
ویستمان بەو جۆرە بپەیڤین
ئاخاوتنمان لە نەسلی پەپوولە بێت
بۆنمان بە پرچی شۆڕەبییەوە کردو
عادەتمان لە سێبەری وجوددا دانا
ژوورەکانمان پڕ کرد لە بێتاقەتیو
لە گەرمەی نامورادیدا باوێشک بردینیەوە،
جگەرەیەکمان لەسەر حسابی ژەنین پێکرد
هەوامان بە خۆمانەوە بەستەوەو
هەناسەمان بە دەوری فیراقدا پێچایەوە،

تێکشکاندنی جەستەی کەسمان نەدی
خۆمان نەبێ..
مەراقمان لە باخەڵی کەس نەدۆزییەوە
بەرگی ڕزیوی خۆمان نەبێ
تاریکی بە ڕووخساری خۆمانەوە نەبێ
لە وەجهی کەسێکدا نەماندیت
کەچی کە دەچووینەوە سەر شەرحکردنی خۆشنوودی
ڕوومەتمان پڕ دەبوو لە ئەستێرەو
ڕوانینمان مانگی تێدا دەدرەوشایەوە،
ئێمە وەهابووین.. گوڵعوزار
دەبوو بەدیار گۆرانییەکی (ماملێ)وە بگرین
کەچی هاتوهەرای تەبیعەت
تا سنووری بەتاڵبوونەوە
پەرتەوازەی کردین‌و
کاتێک بە خۆمان زانی
سەرمان سپیی‌و
زمانمان سڕو

یەخەمان، چڵکی دووری بواردبووی،
سەرێکمان لە مەزارگەی ئاسوودەیی نەداو
بە تەنیشت گڕوگاڵگرتنی باخێکدا ڕانەبووردین
سەرنجمان شیعری لێ ئەتکاو
قەدەرمان پەیوەست بوو
بە دێڕێکی ئیفلیجەوە
خەیاڵمان ئۆقرەی نەما
لە کەللەماندا بمێنێ
بیرکردنەوەمان
بە تەنافی حەقیقەتی گومڕاییەوە بەجێما
شتێ کە نەماندەزانی چییە
بەرەو خۆی پەلکێشی کردین‌و
کاتێ بەئاگا هاتینەوە
سازژەن غەرقی گریان ببوو
قەسیدە لە ئێوارەی سەرمەستی خۆیدا مەست‌و
تەمەننا، لە بۆشاییەکی گەورەدا سەرشێت
دیرۆکی وتنمان سەقەت‌و

قەڵەم لە بۆسەی وەستاندا شەهید،
ئێمە لەوێ بووین.. گوڵعەنبەر
ئەو کاتەی بە خۆمان و
باوەشێک سۆزەوە بووین
چ مەغریبێکی عاشقانەی
سەر کورسییەکانی هەوەست بووین
کە شەڕمان لە کۆشی غیرە دەرهێناو
کە درۆمان لە دەستی خیانەت گرڕدا
ئێمە چ وەهمێکی جیاوازو
ئێمە چ خەونێکی تاڵ و
ئێمە چ مەخلوقێکی وەڕس بووین،
نازانم..
مەستی دوائێوارەی وەرین بوو
یان گوێڕایەڵی دواسەفەر بوو
بەسەرچووین و
سڵاوێکی شیرینمان
بە بۆنی ڕێحانەوە

نەنارد بۆ کوچەی تێکشکان
ئێمە لەوێ بووین.. گوڵعوزار
وەها بووین ئێمە.. گوڵعەنبەر


دەڕۆم
لە بەرزاییدا دەژیم

لە ڕۆخی ئەم کاکێشانە دەچمە دەرێ
پێ دەنێم بە دڵی خۆمدا
بەرزاییەک هەڵدەبژێرم بۆ نووسینەوە
ماڵێک دروست دەکەم لە (با)
کتێبێک هەڵدەگرم و ئەیدەم بە کۆڵما
مناڵێک لە قەرسیلی گیا دەهێنمە ژیانەوە
شانەیەک لە شنینەوە پێک دەهێنم و
سەری شۆڕەبییەکانی پێ دادەهێنم،
بەرزاییەک هەڵدەبژێرم بۆ گێڕانەوە
لەوێوە بە هەمووتان دەڵێم:
تکایە.. گەر ژیانتان خۆش دەوێت..؟؟
واژۆ لەسەر ئەو پەڵە هەورانە بکەن
کە ڕۆژانە دێنە سەردانم
گەر مەبەستانە نەمر بن
کە پاییز هات..
بچنە خەوێکی شیرینەوە
بە ڕۆحتان بڵێن:

حیكایەتێكمان بۆ بگێڕەوە
تا كۆتایی ئەم وەرزە لەگەڵیدا بین..؟!
بەرزاییەک هەڵدەبژێرم بۆ نووسینەوە
لەوێ.. دەبمە شەریكی ئاسمان
هاوڕێیەتی لەگەڵ باڵندەكاندا دروست دەكەم
بە (با) دەڵێم:
بە خێراییدا، بچۆرە خوارەوە
ئەو ڕۆحانە، پێویستیان بە پاكبوونەوەیە
بچۆرە خوارەوە
بە دڵەكاندا تێنەپەڕیت
دوور نییە زەوی جەرگی نەسوتێت..؟!
ڕێگاكان پڕ نەكەیت لە خۆت
تۆزی غرووری باخچەكان دادەپۆشێت..؟!
بەبەر پەنجەرەكاندا ڕەت نەبیت
تەمی بوغز دەیانگرێت،
بەرزاییەک هەڵدەبژێرم بۆ گێڕانەوە
پڕبێت لە خەونی كەڵەگەت

تەژی بێت لە جوانیی
ڕۆح لەوێدا، منداڵانە
وڕکی قەڵەمێک بۆ نووسین بگرێت،
بەرزاییەک، هەر دەستم بەرز کردەوە
یەکسەر تەوقە لەگەڵ خودایا بکەم و
پێی بڵێم:..
هەر هێندەی نیگایەک و بەس
سەیرێکی خوارەوە بکە
چۆن وەچەکانی ئادەمت
بە وەنەوزی گریانەوە
خەریکی نووسینەوەی
ڕۆژەکانی نـــامورادین،
بەرزاییەک هەڵدەبژێرم بۆ دوورکەوتنەوە
دەڕۆم و لەوێوە
قەسیدەیەکتان بۆ دەنێرم
هێندە درێژ بێت
لە گۆڤارێکدا بە بەش بەش دابەزێنن

وا دەکەم لە جوانییدا
هەموو ماڵێک لە کتێبخانەکەیدا... هەبێت
ئەو پرسیارانە دەنووسمەوە
کە کچە بچکۆلەکەم دەیانکات
ئەو نیگایانە دادەڕێژم
هی ژنە میهرەبانەکەمن،
دەچم لەو بەرزاییەدا دەژیم
کە جێپێی کەسی لێ نییە
ئاوێتە بەو شتانە دەبم
دەمێکە بۆیان دەگەڕێم
عادەت بە خۆخواردنەوەی خۆمەوە دەگرم
پەنجە بۆ ئەو خەونانە ڕادەکێشم
کە دەبێت بیانهێنمەدی
لە بەرزاییدا..
ڕێگایەک دروست دەکەم بۆ گەیشتن بە عەشق
دەکەومە ئەزبەرکردنی
چرپەچرپەکانی شنەبا

لە خاکوخۆڵی ئەوێ
دیوارێک لەنێوان
ڕۆح و جەستەمدا بەرز دەکەمەوە
سەنگەر دەگرم بۆ پاراستنی جوانیی
گۆڕانیێکی وا دێنمە کایەوە
هەموو دنیا بێنێتە زەلالەت
لەوێ....
لەوێ خۆم بە چنینەوەی گەڵاوە خەریک دەکەم
وا دەکەم درەختەکان قاقایان بگاتە عەرشی فەلەک
لە پەلکیان جۆلانە دروست دەکەم
بۆ فڕین..
وا دەکەم گیاکان
هێند دڵیان خۆش بێت
نەزانن سیسبوون چییە؟
بە جواناویی خۆم تینوێتیان دەشکێنم
ئاورنگی گوڵەکان دەکەم بە عەتر
سەرو دڵۆپێک دەنێرم

بۆ ئەوانەی تا ئێستا نەمناسیون
چەهچەی ئەم زەمەنە
ڕادەکێشم بەدوای خۆمدا
لەوێ، دەستی خۆم دەگرم و
پیاسە بەناو کاکڵەی شیعردا دەکەین
نامەیەک دەنێرم بۆ هاوڕێکانم
تێیدا باسی بەرزاییان بۆ دەکەم
بۆیان دەنووسم بێنە لام،
لە بەرزاییەوە بڕوانن
تا سەرو (شیعر) لەگەڵ خۆیاندا بەرنەوە
بۆ کۆڵانەکانی منالی
دەبێت هێندە شێتانە بدوێن
یاری بە ژیان بکەن،
پێیان دەڵێم: کە هاتن
هەرچی حیکایەتتان هەیە بەجێی بهێڵن
چونکە بەرزایی
پڕە لە حیکایەتی نەوتراو..

بەرزایی ئەوەندە شتی لێیە
عیشق تەجرەبەی نەکردووە،
لە بەرزاییدا..
مەرگ شتێکە بوونی نییە
ژیان قەسیدەیەکە
بەشی هەرهەمووومان دەکات.. بۆ نووسینەوە

دڵم دەست پێ دەکاتەوە

بەقەدەر زەردبوونی گەڵایەک
تەمەنم ماوە بۆ وەرین
ئەوەندەی خۆڵەیادکرنی پەپوولەیەک
تەنیاییم دەچێتەوە سەر باخچەو
هێندەی گەرمی.. ژێر باڵی کوکوختییەک
خۆم گرمۆڵە دەکەمو
سوچێکی ئەم حەقیقەتە
ئەدەمە دەست قەسیرە... تا گێڕانەوە

***

لەوێدا..
لە شوێنی تەقینەوەی بورکانێک لە یادگاری
گەڕەک هاتەوە پێش چاومو
کۆڵان ڕژایە ڕۆحمەوە بە برینداری
سنەوبەرێکی عاجزم بینی
یەک ئاسمان چۆلەکەو کۆتری گرتبووە باوەشو
یەک ڕیز سێبەری، دەپەرژاندە ماڵەکەمانەوە،

لەوێدا..
لە هەڕەتی گەنجێتیی شەقامێکدا
باغێکی گۆچان بەدەستم بینی
بەدیار دارمانی دیوارەکانی زەمەنەوە
لەرزی دەهاتی‌و دەگریا..
بەدیار حیکایەتەکانی دارچنارەوە ڕادەماو
سەری پڕدەبوو لە وتن بۆ گێڕانەوە
لەوێدا، لەوسەری نیشتنەوەی کوێرەوەرییەک
پەرەسێلکەیەکی باڵشکاو دەیگوت:
تۆ کە گەورە بوویت.. ئیتر نەتپەرژا
قاوەیەک لە منداڵیتا بخۆیتەوە
پیاسەیەکت نەچوویەوە سەر ئینجانەیەکی سەرخۆش
یاخود تا ئێستا..
تابلۆیەکت بەسەر سنگی ئەم کۆڵانەدا هەڵنەواسیوە
لەم کپبوونەدا چی دەکەیت..؟!
ئەوکات منیش
بەدەم قوڵپی گریانەوە پێموت:

ئا لێرەدا.. داڵغەیەکی قووڵم هەبوو
لێم ون بووە..!!
تۆ نەتدیوە لێم بگەڕێ..؟!
دنیایەک جوانیم دراوە بەکرێ.. کە ئەوسا
کرماندنی لەتێک سێوم لێ حەرامو
چوونە بەربارانم قەدەغەو
مانەوەشم لە مناڵیدا.. کارێکی خراپ
بۆیە ئۆقرەم لێ بڕاوەو
لەم پیرییەدا هاتوومەتەوەو
وەک بڵێی شتێک..!!
دڵم بەم کۆڵانە ئەسووتێ

لەوێدا..
لە کەوتنەخوارەوەی زەرنەقووتەیەک
مردنی منو
لە شکانی هێلکەی چۆلەکەیەکی خەمبار
ڕژانی خوێن لە چاومەوە

فێری ئەوە بووم

(با) بنووسمەوەو.. باران ڕاو بکەم

خاک بخوێنمەوەو

نیشتمانیش

هەر بە بۆنەکەی خۆیەوە.. بیەمەوە بۆ دایکم،

فێری کردم.. ئەو کۆڵانە فێری کردم

ببمە هاوڕێی، چەند پیرەمناڵێکی عاشق‌و

تا ئەوپەڕی ژیان.. گۆرانی بۆ تەڕبوونەوە بڵێین..!!

ئەو کۆڵانە دەیزانی چیمان بەسەردێت

دەیزانی چ یارییەک لە باراندا ئەدۆزینەوە

دەیزانی.. ئەو کۆڵانە.. هەموو شتێکی دەزانی

کە ئێمە.. بەردمان دەگرتە دڵی ئاسکی ئاسمان‌و

شەیتان.. شەیتان، لە بەردەمی تریشقەدا

خۆمان بێتاوان دەردەخست

کە هەموو شارمان دەهێنایەوە یەک‌و

خۆمان دەکردە فریشتە

سەری دێڕو کۆڵانمان پێکەوە گرێ دەداو

دەبووینە شاعیر
خەومان بە کیژۆڵە هەنارێکەوە دەبینیو
بەپڕتاو دەبووینە عاشق
باش دەزانم.. ئەو کۆڵانە
هەموو شتێکی ئێمەی دەزانی
بۆیە دڵم بۆی دەسووتێ

لەوێدا..
لە شوێنی پەرداخێک(شیر)ی بەجێماوی
سەر سفرەی بەیانییەکو
بەدەم بەڕێکردنی پۆلە خوێندکارێکەوە
فیکەم.. بۆ گەڕانەوەی
کۆترە تەریوەکانی
ناو نیشتمانە بەرزەکەی سنەوبەر لێئەدا،
دەبوومە پەردەی پەنجەرەی
ماڵێکی پڕ لە نەورەسو
پڕ بە فڕین.. نهێنیی ڕووتبوونەوەم دەپاراست

دەبوومە دارێکی سەرەڕێی (ئەحمەدی خانی)* و
وەک شنەبا.. دەپەرژامە پرچی کچە مەکربازەکانەوە
تا ناخی گەڕەک‌و
هەتا زەردەخەنەیەکی نازداری کۆڵان
ئیدی بۆیە
لە ڕێچکەی ئەم پیرییەی خۆم لامداوەو
وەکو بڵێی.. ترسێک بە لەشمدا چووبێت
تەمەنم قەدبڕ دەکەم‌و
ئالێرەدا
دڵم بەو کۆڵانە دەست پێ دەکەمەوە.

لەوێدا..
لە قوبلەی ناشتنی لێویکدا
باوەشم کرد بە کۆڵانداو
ئیدی کە ترپەی دڵیم بیست
هەمیشە عاشقبوومەوە.. هەتا خۆم
بەردەوام منالبوومەوە.. تا شیعر

زەمەن.. دەمێکە وەستاوە

کە خەونی سەحەری ژیان
گەردنی گەردوون دەگریٚ و
کە تەمەن بە بانیژەی
تیٚنەگەیشتنی خۆیدا هەڵدەزنیٚ
چ پرسیاریٚکی دریٚژ
ئاویٚتە بە قەسیرە دەبیٚت
چ خەمیٚکی سەرسەختیش
نۆبەرەی گومان
لەناو تەنیاییدا دەخاتەوە،
ئاخر هیٚشتا
حەقیقەتی ئەو پرسیارە کەسکانە
لەناو تەبیعەتی ئیٚمەدا گەڵاڵە نەبووە،
ئاخر هیٚشتا
هەموو شتیٚک
بە نەگەیینی هەرمیٚیەک دەچیٚت،
هیٚشتا.. لیٚرە
چاوەکانی دیقەت

بەر ڕۆشنایی پەنجەرەکان نەکەوتووەو
بێڕەنگی درەختە پیرەکان
لە حاشیەی توانەوەدا قەتیسی خواردووەو
هەموو شتێک
ئاوەها خۆی دەنووسێتەوە،
هێشتاکە... (با)
کۆڵانێک ئەودیو جەخارەو
هەموو
بێپەروا... بێپەروا
بەردەم وەنەوزدانەوە
خۆمان دەخەینە بەر تیغی وشەو
قاسیدێک لەولای حەقیقەتەوە نایەت
لە خۆیمان هەڵکێشێت،
هێشتاکە.. ئاو
چەند خوڕەیەک
لەوسەری بێهووردەبوونەوەیە
بەدیار ڕووتوقووتی خۆیەوە

پەنگی خواردۆتەوەو
خوێنی بێگەردی ئێمەش
ناچێتە ناو زاری کانیلەیەکی ساواوە،

هێشتاکە... باران
بەبێ خوڕە دەبارێ و
باراناو بێ جۆگە دەڕواو
تەڕبوونیش
وای لە تەڕبوون
چ شێتانە
سپێرەی هیواکانی خۆی
لە سێدارە دەدات و
تریشقەی هەوریش
چۆن خەریکی خۆخواردنەوەی
لەرزۆکی دەنگەکانیەتی!

هێشتاکە... ژیان
عادەتی هەمیشەیی
بەخۆیەوە نەگرتووەو
لە زەبروزەنگەکەی خۆیدا
هێشتا هەر پرسیاری هەیەو
جارێ هەر لە خۆی دەڕوانێ‌و
بەدەم گوێگرتن
لە گۆرانییەکەی گەردوونەوە
دەلاوێتەوە،

هێشتاکە... سروشت
نەگەیشتووە بە ڕەنگ و
دەستی گرتووە بە دڵی خۆیەوە
چاوی بڕیوەتە بێمانایی‌و
دەهریی بووە
بەدەست گڕوگاڵگرتنی
قەرسیلی چیمەنێکەوە،

هێشتاکە... شیعر
لەبەردەم ماتڵبووندا گیرۆدە بووەو
واوەیلا
بۆ داڵغەڕۆیشتنی باخێک دەکات و
بەدەست یەقینی گشت شتێکەوە
ماخۆلانیەتی
وشەیەکی بۆ ناخرێتە
ناو جۆگەلەی ڕستەیەکەوەو
لە تەنیاییدا گیری خواردووە،

هێشتاکە... گریان
چەند هەنسکێکی ماوە
بگاتە شیوەنی خۆی و
ماویەتی ئەو فرمێسکە وەریوانە بنووسێتەوە
ئێمەیان لە تەریقەتدا بەجێ هێشتووە
گریان ماویەتی

برژانگە یاخییەکان کۆبکاتەوەو
چاوە عەبەسییەکان بکاتە هاوڕێ،

هێشتاکە... تەمەن
چەندین هەنگاوی ماوە
لەبەر قاپی ژیاندا
بیرەوەرییەکانی گەڵا بنووسێتەوەو
تێهەڵچێتە ڕابردووی
دڵشکاندنی ماسییەکان
لە کەناری زەمەندا،
ماویەتی
هێشتا
ماویەتی
زەمەن دەمێکە وەستاوە.

لەگەڵ مناڵی پێکەوە



پێشکەشە بە ئارام غەمبار

پێکەوە دەڕۆین
دەستی یەکتر دەگرین و
قاقا.. دەدەینە پێکەنین
بە بەینی گەورەکاندا
دەکەوینە ڕاکردن،
(چلورەفرۆش) بانگ دەکەین و
هیچی لێ ناکڕین،
چنگ بە گوڵەبەڕۆژەی
سەر (عەرەبانەکان)دا دەکەین و
کە دوور کەوتینەوە
زمان لە خاوەنەکەی دەردێنین،
(بنێشت) دەنێین
بە کورسییەکانی باخی گشتیدا
تا بە پانتۆڵی
کچە عەیارەکاندا بلکێت،
بە (شریقە)
قوڕاو دەکەین بە کوڕەکانداو

فڕتە دەکەینە
ناو عەبای ژنە قەرەجێکەوە،
پرسیار دەکەین
پرسیار لەسەر هەموو شتێک
ئەگەر پیاوێکی ڕەشمان بینی
پێی دەڵێین.. خاڵە
تۆ شەوان دەچیتە دەرێ
بۆیە وا ڕەش هەڵگەڕاوی..؟؟
گەر ژنێکی پیرمان بینی
پێی دەڵێین.. باجی
لەدوای خۆشۆردن
خۆت وشک ناکەیتەوە
وا دەموچاوت چرچ بووە..؟؟
پرسیار دەکەین.. پرسیار
ئەگەر شاعیرێکمان بینی
یەکسەر پێی دەڵێین:
ڕۆژی چەند کیلۆ

دووکەڵ دەکێشیت..؟؟
لەم باخچەیە بەتەنیایی دامەنیشە
بۆ لەگەڵ ئێمەدا نایەیت
دەچین بۆ خلیسکێنە..؟!
پرسیار دەکەین
پرسیاری وەرینی گەڵا
لە باخەوانێکی بێخوڵق
گەر وەڵامی نەداینەوە
بە لەقە.. دەکەوینە درەختەکان
تا ئەوەندە گەڵا بوەرێ
نەتوانێ کۆی بکاتەوە..!
بە ئەستێرەناسەکان دەڵێین:
ئەرێ ئەو هەموو ئەستێرەیە
منالی مانگن..؟؟
ئێ باشە.. مانگ
ئا بەو هەموو منالەوە
بۆ پیر نابێ‌و هەر چواردەیە..؟؟

پرسیار دەکەین
بە پەیکەری شاعیرەکان دەڵێین:
ئەگەر وەک ئێوە
ببین بە شاعیر
بەم مناڵییە پەیکەرمان
بۆ دروست دەکەن..؟!
گرەو دەکەین
گرەو لەسەر هەڵماتێک
من دەڵێم.. (باران)
گریانی خوایەو
مناڵی دەڵێ..
ئێمە هاتووین بۆ خلیسکێنە
بۆ کوفر دەخەیتە
ناو ئەم باخچەیەوە
ئەتەوێ خوا کوێرمان بکات
یەکتریمان لێ ون ببێت
ئەتەوێت بە هەڵماتێک

فێری کاری خراپم بکەیت
بۆسەم بۆ دائەنێیت پیر بم
منداڵی وا دەڵێ..
دەڵێت تا نەگەم بە خلیسکێنە
بیر لە گرەو ناکەمەوە
گرەو.. بیئەوەی بە خۆت بزانیت
پیرت دەکات.. پیر..؟!
من دەڵێم.. ڕۆڵە
ئێمە جوداین
لە منداڵیدا پیرینو
لە پیربوونیشدا منداڵین
کارت بەسەر نهێنیی ژیانەوە چییە..؟؟
وەرە با بەیەکەوە
هەنگاو بەرەو خۆمان بنێین..!!
منداڵی دەڵێ...
کەواتە با بچین بۆ خلیسکێنەو
ئاقڵ.. ئاقڵ

خۆمان لە باخچەدا ون کەین،
کەواتە با دەست پێ بکەین
دەچینە سەرەوەو
غلۆر دەبینەوە بۆ خوارێو
لە خواریشەوە بۆ سەرێ
هەڵدەزنێینەوەو
هەر یاری دەکەین
تا خلیسکێنە....... نامێنێت



باوەشم کە..
تا هەست بە ترپەی دڵت کەم

هێندەی ڕۆچوون
بە لیتاوی ئەم زەمەنەو
ئەوەندەی گێڕانەوەی.. حیکایەتێکی
سەر ماشوبرنجی
بایی خلۆربوونەوەیەک
بۆ پێرەشتەکەی عەشق
بهێڵە..
بهێڵە لە ناوتا
کتێبێک بخوێنمەوە
لەو بەهەشتە
بە میوە تەنراوەی دڵتدا
جێگەم کەرەوە
بەقەدەر فلتەری جگەرەیەک.. لە ڕۆحتا
تا وا هەست بکەم
پانتایترین شوێنم
لە زەوییەکەی تۆ.. داگیر کردووەو
ستونی

لە لاپەڕەی یەکەمی
ماچنامە ژووانییەکەدا
بنووسم.. بۆ غرووری،
کە هاتم.. بهێڵە
بهێڵە لەتەنیشت
هەناسەیەکتەوە
گۆرانی بۆ تەڕبوونەوە بڵێم و
بەدیار سەمای پرچەکەی تۆوە
بکەومە دالغەیەکی عاشقانەوە،
ژیری کەرەوە
ئەم دڵە گریاوییەی من
کە بە تۆ نەبێ
بە کەسی دی
خۆش ناکاتەوە
بە تۆ نەبێ
هیچ شتێک هێندەی
پەنجە خوساوەکانی خۆی

ئەشکی پێ کۆناکرێتەوە،
کە تۆ نەبی
هێز نییە..
لەم عەرشی نائومێدییەدا
ئاوڕی بەرەو سەماکردن پێ بداتەوە،
کە تۆ نەبی
خوداش..
دەست بە ترپەکانیەوە ناگرێو
ئیدی هەر ڕۆژێک بێ
لە لێدان دەکەوێ..
هەرساتێک بێ
لە بێدەنگی باخچەیەکدا
بەدەم ڕۆحی
(پاییزی تەڵایی)ەوە
باڵ دەگرێو دەفڕێ،
ئەوەندە خۆی دەخواتەوە
لەناو دەچێ،

هێندە بیر دەکاتەوە
ون دەبێ.
گەر تۆ نەبی
دڵنیابە
ڕۆح..
کە هەمیشە زیندووە
ئەویش ئەمرێ،
لەتاو ساردبوونەوەی
حەزەکەم
بە بەفری غەزەب.. کچێ
شیعریش دەیبەستێ.
تکایە..
بۆ تەنها شەوێ
بمکە بە میوانێکی ئازیزو
دوای ئەوە
چیت لەدەست دێ
پێم بکە

چۆنت پێخۆشە
ئاوهام لەگەڵ کە
دڵەکەت چی خواست
قەت
بێخۆیی لەگەڵ مەکە.
ئاخر تۆ نەبی
هیچ بەدووری مەزانە
کە شێت ببم
کە سواڵ بۆ کڕینی قەڵەمێک بکەم و
بێ هیوایی بشیعرێنم
ببمە فەرهادێکی ترو
کێوێک لە ڕەنگ
بۆ باڵاکەت بسازێنم.
ئێ .. تۆ.. نەبی
یارە..
بەدووری مەزانە
لەگەڵ مناڵە بێنازەکان

له (باخی گشتی)..
چلوره‌فرۆشی بکه‌م‌و
پاره‌که‌ی بده‌م
به پاکه‌تێک ته‌نیایی
به پێکێک مه‌راق
به کۆشێک زیزبوون
به چنگی ئاگر بۆ.. سوتان
به کیسه‌یه‌ک بێ ژیانی‌و
ده‌نک.. ده‌نک
خۆم داکرمێنم،
پاره‌که‌ی بده‌م
به (سی، دی)یه‌کی به‌تاڵ‌و
به‌سه‌ر هه‌موو
تۆمارگه‌کانی
بازاڕدا بگه‌ڕێم‌و
پێیان بڵێم:
ئه‌گه‌ر لاتانه

تەنها یەک تراک
پێکەنین.. یان زەردەخەنە
سەما.. یاخود مەستی
عەشق.. یان توانەوە
فڕین.. یاخود مانەوە
تەمەن.. یان مردن
خەیاڵ.. یاخود نائاگایی
بێدەنگی.. یان قریشکەی
نێو بێداریم
لە لێوی ئەم (سی، دی)یەدا
بۆ تۆمار بکەن.
ڕازی بە..
نەوەک گوڵە تاقانەکەی
لاویم هەڵوەرێ
ئەو پیرییە یەخەم بگرێ و
فڕێم داتە
بەرپێی بیابانی.. گۆچان

ده‌ خانمه‌كه‌..
له‌به‌ر بوژانه‌وه‌ی ئه‌وین
به‌سه‌ر لاشه‌ی
ئه‌م ماته‌مینییه‌دا داكه‌
ببه‌.. به‌ (با)و
لافیته‌ی ئه‌م پرسه‌یه‌م.. بدڕێنه‌
ببه‌.. به‌ ئاوو
خوڕه‌ بخه‌ره‌.. بێداریمه‌وه‌
ببه‌.. به‌ نورو
ماتڵبوونم.. بسوتێنه‌
ببه‌.. به‌ خه‌ون‌و
عومرم بخه‌ره‌
نێو سوزگییه‌ك.. یه‌قینه‌وه‌.
تێناگه‌م..
كه‌ به‌ یادی كوشتنی
چۆله‌كه‌یه‌كه‌وه‌
ناخم پڕبووه‌ له‌ گومان

پڕبووە لەو ترسە ئەزەلییەی
بەردەوام لە پشت
چاویلکەکەمەوە
پرسیارێکی هەیەو دەڵێ:
بۆ ئەوەندە ماڵەکەی عەشق
تەنیایە..؟
نازانم.. لەبەرچی
ئەو پشت دیواری بێکەسییە
هێندە بەسامە..؟؟
تکایە..
با دەربازم بێت
توخوا بایی .. هەناسەیەک
ئاوەژووی نێو ڕۆحتم بکە
توخوا بەقەدەر.. ترپەیەک
با لەنێو دڵتا گمەم بێ
توخوا لە تەنیشت .. دڵتەوە
چاوەڕوانیم هەرەس پێبێنەو

شوێنی ئەم شەوی دەیجورەم
لە سینەتا جێکەرەوە.
باوەشم کە
بۆ چەند ساتێک توانەوە
چەند هەنگاوێک..
گەیشتن بەوەی لە ناخمایەو
قەرسیلێک گیای
لە نەزەرمدا چاندووە،
باوەشم کە
تا هەست بە ترپەی دڵت کەم،
باوەشم کە..
بەرلەوەی مەرگ بمگاتێ
پێش ئەوەی لە خۆمدا ون بم،
ڕازی بە.. کچێ
نەک ئاواتەکەم خامۆش بێ..!!
من کە یادێک
لە زاکیرەمدا نەماوە

بۆ بیرکەوتنەوە
خەونێک لە شەوەکانما نەماوەتەوە
بۆ گێڕانەوە
حیکایەتێک هەتا ئێستا
لە ناوچەوانمدا
نەخوێنراوەتەوەو
هەمیشە لە تەنیاییدا
باسی توحفەی گوڵ
بۆ ژوورەکەی ئەودیو خۆم دەکەم.
بەوە ڕازی بە
ئاوێتە بە خۆمت بکەمو
ئیتر لە خۆشیاندا
دنیایەک لە بێگەردیو
دنیایەک لە وەفاو
دنیایەک لە سۆزو
دنیایەک لە دنیات
تێدا ببینم.

ڕازی بە بەوەی
چرکەیەک ئارامیت
ببەم بۆ خۆم
بە چواردەوری گۆی زەویدا
ڕابکەمو
هەرچیم بینی
یەکسەر بڵێم:
ئەها.. من چەند بەختەوەرم
ئەها.. لە خۆم شاعیرترم
بەرچاو ناکەوێ
ئەها.. چۆن خۆم دەنووسمەوە
ئەها.. ئەو کچە
چەندە ناسکە لەگەڵما
ئەها.. منی لەسەر باڵی ڕاگرتووە
ئەها.. چلۆن دەملاوێنێ،
باوەشم کە
ئێ کچێ یارە

دە باوەش
تا توانەوەم لە تۆدا
تا بوژانەوەم لە ڕۆحتا

سوپاس:

بۆ سەرجەم ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەرە ئەدەبیانەی بەحورمەتەوە ئەم دەقانەی منیان لەلای خۆیان بڵاوکردۆتەوە، سوپاس بۆ کاک ئازاد بەرزنجی دۆست و هاوڕێی ئازیزم بۆ بەچاپگەیاندنی ئەم کتێبەم و بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم و هەموو ئەو ئازیزانەی بەم کتێبەوە ماندووبوون، دواجار جگە خۆشەویستی وڕێز هیچی ترم بۆتان نییەو چاوتان ماچ دەکەم.

زانا